
# ئازاد شەوقی

2002 - 1930



ئامادەکردنی

بەختیار سەعید





هونەرمەند لەگەڵ مەحمود شەوقی باوکیدا
ساڵی ١٩٣٥

**بەختیار سەعید**



# ئازاد شەوقی

## ١٩٣٠ ـ ٢٠٠٢

**وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریی و هونەر/ سلێمانی**
**بەڕێوەبەرێتی هونەریی شێوەکاریی سلێمانی**

ناوی کتێب: ئازاد شەوقی

بابەت: شێوەکاری

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید

دیزاین: بازیان جەلال

تیراژ: (١٥٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٣٩)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە

مافی لەچاپدانی بۆ بەڕێوەبەرێتی هونەریی شێوەکاری پارێزراوە

www.kcaic.com

من خولیای سروشت بووم بەهەموو واتا قوڵەکانییەوە

من سروشت ناودەنێم دایک، قوتابخانە، ژیان

ئازاد شەوقی



ئازاد شەوقی
١٩٧٢

# پێشکەشە بە ڕۆحی هونەرمەندی کۆچکردوو

# ئازاد شەوقی



سوپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێزان

**●بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی کە ئەرکی چاپکردنی کوڕاسەکەیان لەئەستۆگرت**

**●ئالان ئازاد شەوقی، ڤیان ئازاد شەوقی، نەهرۆ شەوقی، نازەنین شەوقی، بنیاد مارف خەزنەدار کە هاوکاریانکردووم بە فۆتۆ و زانیاری.**

**●(ئازاد عەبدولواحید) سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان کە بەچەند زانیاری و دیدارێکی هونەرمەند هاوکاری کردووم.**

**●مامۆستا عومەر بەرزنجی کە بەچەند فۆتۆ و سەرچاوەیەک هاوکاری کردووم.**


● تریفه فایەق کە هاوکارییەکی زۆری کردووم لە تایپکردنی زۆرێک لە بابەت و دیدارەکان.

● سامان محەمەد کە هەڵەچنی کوڕاسەکەی لە ئەستۆگرتووە.

● کۆراڵ تۆفیق کە هاوکاری وەرگێڕانی یەکێک لەدیدارەکانی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی کردووم.

● بازیان جەلال کە ئەرکی دیزاینی کوڕاسەکەی لەئەستۆ گرتووە.

# بیبلۆگرافیای ئازاد شوقی



ئازاد شەوقی/ کەرکوک ـ ئیمام قاسم ١٩٣٨

# ئازاد محمود شوقی

■ ١٩٣٠ لە هەولێر لەدایکبووە.

■ ١٩٥٥ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا خولی یەکەمی تەواوکردووە.

■ وانەی پەروەردەی هونەری لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک وتۆتەوە.

■ دامەزرێنەری مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی شاری سلێمانییە.

■ سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەریی بووە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە شاری سلێمانی.

■ ماوەی دوو ساڵ لە پایتەختی سعودیە وانەی هونەریی وتۆتەوە و لەوێش بۆ یەکەمینجار لە دەزگای وەزارەتی پەروەردەی ئەوێدا مۆزەخانەی فۆلکلۆری سعودی دامەزراندووە.

■ گرنگی بەوێنەی منداڵان داوە.

■ یەکەم دامەزرێنەر بووە بۆ شانۆی منداڵان لەسەر ئاستی عیراق و بەتایبەت لە شاری سلێمانی، هەروەها مۆزەخانەی فۆلکلۆری جلوبەرگی کوردی و عیراقی، هەروەها هاوبەشی کردووە لە دامەزراندنی مۆزەخانەی فۆلکلۆری زانکۆی سلێمانی.

■ ١٩٦٥ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەزانکۆی ئەمریکی لە بەیروت.

■ ١٩٧٢ دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بەغدا.

■ ١٩٨٧ پیشانگەی رێزلێنانی یەکەم لە هۆڵی رەشید لە بەغدا.

■ ١٩٨٩ سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی رۆواق لە بەغدا.

■ ١٩٩٠ چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی رۆواق لە بەغدا.

■ ١٩٩٠ پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر.

■ ١٩٩٢ شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

■ ١٩٩٣ پیشانگەی رێزلێنانی پەرلەمان بۆ کارە هونەرییەکانی لە هۆڵی میدیا.


■ ١٩٩٦ پیشانگەی رێزلینان لە هۆڵی میدیا

■ ٢٠٠٠ پیشانگەی رێزلینان لە میوانخانەی چوارچرا/ هەولێر

■ ١٩٥٩– ١٩٩٣ بەشداری زیاتر لە (٣٠) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، ئەڵمانیا، هەولێر).

■ ٢٠٠٢/٨/١٠ کۆچی دوایی کردووە.

# چەند سەرنجیك لەسەر ئازاد شەوقی


زۆر شادمانم بە بینینی ئەم نوێنەگایە کە بە هەو
دەستالی هونەروەرە لاوەکانمانی تیا بە جۆرێک
دەرئەکەوێ مژدەی سامانی پاشەڕۆژێ ئەدا
بەگەلی خۆشەویستمان. بژین هونەروەرە لاوەکان!
گۆران
٩٥٧

دەست و خەتی (گۆران)ی شاعیر



بەبۆنەی کردنەوەی
پیشانگەی
وێنەیی مەڵبەندیی
ڕوونکردنەوەی بیستن و
بینین ١٩٥٧/٧/٦

ڕێز و سڵاو بۆ هونەرمەندی هەڵکەوتووی مەزنی کورد کاک ئازاد شەوقی چاومان ڕوون بۆوە بەو پیشانگای پڕ لە شانازی و ئەم ڕەنگانەی پاک و ساحیرانە لە جوانی کوردستانی سووتاندراوی دەستی ناپاک کە بەهۆی پەنجە زێڕینەکانی هونەرمەند کاک ئازاد شەوقی بەڕێز بەو ڕەنگە پاک و بەرزە لەگەڵ تەکنیکی تایبەتی. تەنیا پێموایە دەستی زوڵم کە ئەم سروشتە جوانەوە سروشتی معماری کۆنی کورد و کوردەواری وێران کردبوو، هەر لەبیری هونەرمەندی مەزن بە چۆڵکراوی ماوەتەوە، هەربژی بەسەرکەوتوویی گلێنەی چاوەکانم.

**عەزیز سەلیم**
**١٩٩٣/٦/٦**



**لەگەڵ هـ . س**
**رۆژهەڵات ناسی**
**پەروەردەیی بواری زمان**
**١٩٥٨**

سەبارەت بە پیشانگەکەی ساڵی ١٩٨٧ و لەدەفتەری پیشانگەکەدا نووسیویێتی (لە کانگەی دڵەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئومێدەوارم هەر بەردەوام بیت لە دەربڕینی جوانی سروشتی کوردستان و خۆشکردنی دڵی بینەران بەم ڕەنگە جوان و قەشەنگانەت، ئومێدەوارم لەتەک دەربڕینی سەرکەوتووانەی سروشتیش دڵمان زیاتر خۆش بکەی بە دەربڕینی جیهانی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و ڕووداوی خۆماڵیمان و پێشەکی دەزانم سەرکەوتوو دەبی، دووبارە پیرۆز باییت لێ دەکەم).

**برات**
**محەمەد عارف**
**بەغدا ١٩٨٧/٣/٢٥**



لەگەل سەعید قەزاز
پیشانگەی
قوتابخانەکانی سلێمانی
لە کتێبخانەی گشتی
سلێمانی
حوزەیرانی ١٩٥٨

مامۆستای بەڕێز ئازاد شەوقی

بەڕاستی کە هاتمە ژوورەوە بۆ پیشانگەکەت خۆم لەبیرچوو کە لە شاری بەغدام، دەنگی خورەی تاڤگە و هۆ هۆی جوتیار، لایە لایەی دایک-م دەهاتە بەرگوێ یاخوا هەر بمێنی و پەنجەکانت خۆشبێت، بەڕاستی ئەوە کەرنەڤاڵی ڕەنگە.

**هونەرمەند**
**ئەحمەد کاکە سور**
**پیشانگەی ڕێزلێنان لە شاری بەغدا ڕۆژی ١٩٨٧/٣/١٤**



سەرپەرشتیاری هێزی پێنجەم
(عەبدول فەتاح)
کردنەوەی پیشانگەی شێوەکاری لە پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانی
١٩٦٥

سەرسامم بە کارەکانت، یاری بە هەستی گواستنەوەم دەکەن بۆ گوزارشتی وا کە واقیعێکی کتومت کۆپییەکەیەتی.

مامۆستا خۆی لە ئەزموونکاریەکەی (سیزان)داوە و توانیوێتی وانە و مەنهەجە ئەزموونییەکەی ئەو هەزم بکات و شتی جیاواز و خاوەن مۆرک و گونجاو بخوڵقێنێ.

من وا هەست دەکەم مامۆستا سەرسامیەکەی بۆ سروشت دەگەڕێتەوە بیرە ئاینیەکەیە کە خواوەند کە سروشتی وا جوانی دەمەزراندووە، بەو نووسینانەی سەرەوەم مەبەستمە بڵێم پیرۆزبایت لێ بکەم.

**ڕۆستەم ڕەسوڵ ئاغالە**
**١٩٩٣/٦/٩**



بەبۆنەی تەواو بوونی خوێندنی پەیمانگە بەسەرپەرشتی وەزیری مەعاریف (خەلیل کینە) ١٩٥٥/٥/٢٩

کانیاوی ڕەنگەکان سەمفۆنیای بەهەشتی کوردستانن، ڕەنگەکان قسە دەکەن و گفتوگۆ لەگەڵ بینەر دەکەن، هەست دەبزووێنن، مرۆڤ دەگەشێننەوە و بەرەو دەریای قوڵی خەیاڵ ڕەتی دەدەن، یەکپارچەیی کوردستان بە گشتی هەر بستەی خۆی لە خۆیدا تابلۆیەکە، بەڵام دیارە مامۆستای بەڕێز تابلۆکانی فێری عەشق کردووە و سەرنجی دوژمنانی پێ بایکۆت دەکات، چاویانی پێ کوێر دەکات.

**هەر بژی.. پیرۆزە..پیرۆزە.. پیرۆزە**
**محەمەد هاشم کۆیی**
**١٩٩٣/٦/٩**



پیشانگەی تایبەتی لە شاری پاریس بە ئامادەبوونی سەرۆکی فەرەنسی (فرانسوا میتران) و خانمی یەکەم (دانیال میتران) و (کەندال نزان)ی بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی لە پاریس



ئازاد شەوقی
١٩٥٥/٣/٢٩

## پێشەکی

گەر بمانەوێت قسە لەسەر کاری شێوەکارەکانمان بکەین و ئاست و توانا و پێگەیان لەناو مێژووی هونەری میللەتەکەمان دیاری بکەین ئەوە بەدڵنیاییەوە مامۆستا (ئازاد شەوقی) یەکێک دەبێت لەو پێشڕەوانەی کە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت و باس لەو پێگە و پانتاییانە نەکەین کە ئەم هونەرمەندە قەدباڵایە خوڵقاندوویێتی.

خودی هونەرمەند دەتوانێت بەسەلیقەیی و کارامەیی خۆی لەنێوەندێکی فراوانی نیگارکێشیدا پێگەی خۆیی لەو پانتاییەدا بە جوانی و داهێنەرانە بخوڵقێنی و بتوانێت ناسنامەیەکی تایبەتی هونەریی دروستبکات کە زادەی داهێنان و دنیا بینینەکانی خۆی بێت و بینەر بە سانایی بتوانێت هەست بەو کارەکتەرە پڕ لە توانا و بەخششە بکات، ئازاد شەوقی خاوەنی بیرۆکەی دەیان پڕۆژە و دامەزراوە بووە لەوانە (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، مەڵبەندی هۆی ڕوونکردنەوەی بیست و بینین، مۆزەخانە بۆ جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی فۆلکلۆری جیهانیی).

ئەم شێوەکارە دەسترەنگینەی باشووری کوردستان بە تەنها ناوی لەلای کوردەکان بە پێشرەوی شێوەکاری نەهاتووە، بەڵکو عەرەبەکانی عیراقیش سەلیقەیی و کارامەیی ئەم شێوەکارەیان بینیووە و بە (سیزان) ناویان بردووە، ئەوەتا (خەولە ئیبراهیم) لە ژمارە (٦٣٨٦)ی ڕۆژنامەی (الجمهوریه)ی ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٨٧ سەبارەت بەو پیشانگە ڕێزلێنانەی لە هۆڵی (ڕەشید)ی شاری بەغدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکارییەوە بۆی سازکراوە و پیشانگەکە (١٠) ڕۆژ بەردەوام بوو لەژێر ناوی (سیزان لە عیراق)ە دەڵێت: «ئەم کارانە کۆمەڵێکی زۆرن لە تابلۆ ئینتباعییە جوانەکان کە بەشێوەیەک لە شێوەکان سیزان–ت بیردەخاتەوە کە هەموو دنیای بە تابلۆکانییەوە سەرقاڵکرد، لە کوێوە ئەو توانایە، یاخود ئەو بەراوردە دێت؟ ئەو هێزە لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە». لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا (خولە ئیبراهیم) دەڵێت: «هەموو هونەرمەندێک دیدی تایبەتی هەیە، هێزێکی تایبەتی هەیە، هەروەها سەیر نییە، یاخود زیادەڕۆیی نییە کە خاوەنی پیشانگەکە بوترێت سیزان لە عیراق)ە، کەواتە بەسەلیقەیی و تایبەتمەندێتی (ئازاد شەوقی) وەکو شێوەکارێکی کورد سنووری باشووری کوردستانی بەزاندووە و ڕووی کردۆتە عیراق و دواتریش پاریس–ی پایتەختی فەرەنسا کاتێک لە ساڵی ١٩٩٣ پیشانگەیەکی تایبەت لە شاری پاریس دەکاتەوە و پیشانگەکە لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتەی فەرەنسا (فرانسوا میتەران) و خاتوو (دانیاڵ میتەران)ەوە دەکرێتەوە، لەکاتی

بینینی تابلۆکان (فرانسوا میتەران) پێی دەڵێت: «تۆ سیزانی کوردی».

مامۆستا ئازادیش لە وەڵامدا دەڵێت: **«نا من تەنها ئازاد شەوقی کوردم».**

گەر بڕوانینە سەرجەم کارەکانی ئەم پیشەنگای شێوەکاری کوردی جگە لە سروشت کە بنەمای کارەکانی بووە، بیناسازیش بۆ خۆی توانیوویێتی پانتاییەکی شیاو و فراوانی هەبێت و لە زۆرێک لە پیشانگەکاندا هەستمان بەو بوونە کردووە، هەروەها دەکرێت وەکو پسپۆڕێکی سروشت و هێڵکاری ناوی بهێنرێت.

یەکێک لەو بناغە گرنگانەی کارەکانی مامۆستا (ئازاد شەوقی)ی لەسەر بنیادنراوە (سروشت)ە، هەر بۆیە بەردەوام لە دیدارە تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەڵێت: «من خۆم بە قەرزاری سروشت دەزانم». باشترین نموونەش ئەو دیدارەیە کە لە ژمارە (٨٨٥)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢ دیدارێک لەگەڵ مامۆستا (ئازاد شەوقی)دا سازکراوە و دیدارەکە لەلایەن (زکریات محەمەد حەسەن)ەوە ئەنجامدراوە و لەدیدارەکەدا مامۆستا (ئازاد شەوقی) دەڵێت: «من قەرزارباری خۆرم، خۆر ژیان و گەرمی و ئەو ڕەنگە جوان و شیرینانەی پێبەخشیووم کە لەناو تابلۆکانمدا دەیانبینیت، من لە وێنەکێشە واقیعییەکانم، لەهەموو دەرگا هونەرییەکان دەدەم و حەزیش لە ئینتباعی دەکەم، بەڵام وەکو قوتابخانەیەکی هونەریی سەر بەو نیم، من خولیای سروشت بووم بەهەموو واتا قوڵەکانییەوە، حەز لەهەموو ڕەنگەکان دەکەم، وایان لەگەڵدا مامەڵە دەکەم وەکو دڵدار مامەڵە لەگەڵ یارەکەیدا بکات».

ئازاد شەوقی سنوور بۆ کارەکانی نەبووە، واتا شارێک، گوندێک، وڵاتێک نەبووە کە سەرجەم کارەکانی تێدا نیشان دابێت، بەڵکو ئەو لە (سلێمانی، هەولێر، بەغدا، بەیروت، پاریس، ئەڵمانیا) پیشانگەی کردۆتەوە و لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی باشووری کوردستان و خوارووی عیراق و سعودیەدا کارەکانی نیشانداوە، ئەوەش بۆ ئەو پانتاییە فراوانەی کاری ئەم شێوەکارە دەگەڕێتەوە.

ئەم بەرهەمە هەوڵێکی جدییە بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی کارەکانی مامۆستا (ئازاد شەوقی) کە یەکێک لە بناغەکانی هونەری شێوەکاری لە باشووری کوردستان و من زیاتر لە پێنج مانگە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و کارەکانی ئەم هونەرمەندە بووم، هیوادارم ئەم کارە لە ئاستی باڵای مامۆستای کۆچکردوو (ئازاد شەوقی) بێت.

نەبوونی ئەرشیفی شێوەکاران یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی بەردەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەکارانی کورد بکەن، چونکە زانیاری سەر تابلۆو پەیکەرو سیرامیکەکانیان تۆمار نەکراون، نە وەکو پێویست فۆتۆی کەسایەتییەکانیان زانیاری پێویستی لەسەرە، نە دەزگایەکیش

هەبووە ئەو کاری ئەرشیفی شێوەکارییە بە کاری سەرەکی خۆی بزانێت، هەربۆیە کارکردنێکی ئەکادیمیانە بۆ بەرهەمەکان ئەستەم دەبێت، کێشەی ئەم بەرهەمە ئەوەیە لەمێژووی  کارکردنی ئەم شێوەکارەدا تەنها ١٨ تابلۆ ماوە کە هێندە نییە مامۆستا لە ژیاندا نەماوەو هێندە بەسەر تەمەنی کارەکانیدا تێپەڕی نەکردووە، کەچی ناتوانرێت وەکو پێویست زانیاری لەسەر تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە بەردەست بکەوێت، تەنانەت لەماڵی مامۆستا ئازاد شەوقی و کوڕو کچەکانی، لەگەڵ کۆمپانیای ئاسیا کە چەند تابلۆیەکی لێبووە کە بەسوپاسەوە ڕێگایان پێدام وێنەیان بگرم، هەربۆیە بڕیارمدا هەموو فۆتۆی تابلۆکان دابنێم بەڵام کەمبوون ئەو تابلۆیانەی کە زانیاریان لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەوەی بووە جێگەی سەرنجم هەموو ئەو تابلۆیانەی کە من بینیمن لەیەک ئەندازەدا بوون کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٩ کە ئەویش بە ئەندازەی ٦٨-٤٨ تابلۆکانی نەخشاندووە، واتا کردن بووە لەسەر یەک ئەندازەیی.

ئەم کێشەیە بەتەنها کێشەی ئازاد شەوقی نییە، بەڵکو کێشەی زۆرێک لە شێوەکارانی میللەتەکەمانە، کێشەکە لەوەدایە شێوەکارانی ئێمە نەیانتوانیووە وەکو پێویست زانیارییەکان تۆماربکەن، لەگەڵ ئەو فۆتۆیانەی کە بۆ کارەکانیان ئەنجامیانداوە، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەی فۆتۆی تابلۆکانەوە مامۆستا ئازاد لە زۆرێک لە هاوتەمەنەکانی خۆی باشترە کە توانیوێتی فۆتۆی زۆرێک لە کارەکانی خۆی تۆمار بکات کە هاوڕێکانی ئەنجامیان نەداوە، بەڵام بەداخەوە کەمبوون ئەو فۆتۆیانەی کە زانیاری پێویستیان لەگەڵدا بووبێت، هیوادارم ئەم کێشەیە کەمتر ببێتەوە لەلای شێوەکارای دوای نەوەی مامۆستا ئازادو پێکەوە هەموومان کار بۆ ئەرشیفکردنی کارو تەمەنی و هونەری شێوەکاری کوردی بکەین.

کۆکردنەوەی بەرهەمی هونەریی هونەرمەندە پێشەنگەکانمان بەرچاوڕوونیەکمان دەداتێ سەبارەت بە بەرەو پێشچوونی ڕەوتی هونەری کوردیمان و دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ کەسانی ئەکادیمی کاتێک کە بیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر کۆڵەکەکانی هونەریمان بکەن و لەهەمانکاتدا دەبێتە مێژوویەکی نووسراو، کە دەتوانین بیخەینە ناو سیستمی پەروەردەیمان تاکو منداڵەکانمان لە سەرەتاوە ئاشنابن بە مێژوویەک کە هەرگیز نەتوانراوە لەناو سیستمی پەروەردەیی ئێمەدا وەک شاعیران و نووسەرانمان جێگای خۆی بۆ دابنرێت.

هەروەها هەوڵ و خەباتی ئەم سەربازە ونانەی ناو ڕۆشنبیری ئێمە چیتر بە هەدەر نەڕوات و گەر خۆشیان لە ژیانیاندا بەو ئاوڕدانەوەیە لە داهێنانەکانیان شاد نەبووبن با نەوەکانیان چاوودڵ ڕوون بن بەو نرخاندنەیان.

بەختیار سەعید
تەموزی ٢٠١١



ئازاد شەوقی ١٩٩٥

## بیرەوەرییە هونەرییەکانم

ناوی تەواوم: ئازاد مەحمود عەبدولقادر شەوقی

بە -ئازاد شەوقی- ناسراوم، پەیمانگای هونەرە جوانەکانم لە بەغدا تەواوکردووە، خوێندنی سەرەتاییم لە هەولێر و کەرکوک و دیوانییە تەواوکردووە، لە قوتابخانەی (ئیمام قاسم)ی سەرەتایی کەرکوک مامۆستا ڕەفیق عالی خوالێی خۆشبێ کارێکی گرنگی کردە سەر ڕێبازی هونەرییم.

لە پشووی هاوینەدا لەنێو کێڵگە و باخ و بێستانەکانی ئیمام قاسمدا چاوم بە دیمەنەکانی دەکرایەوە، هەر لەو ماوەیەدا هونەری بیناسازی سەرنجی ڕادەکێشام بەتایبەتی خانووە کۆنەکانی کەرکوک و ئەو نەخش و نیگارەی لە مزگەوتی (نائب ئۆغڵی) و کڵێسەی کلدان لە قەڵای کەرکوک و دەروازەکانی قەڵا و تاقەکانی کۆڵان و مزگەوتەکانیدا بەدیم دەکردن، جگە لە نەخشی سەر کێل و مەزاری پیاوچاکان، لە کەرکوکەوە باوکم کە فەرمانبەری میریی بوو ساڵی (١٩٤٣) گوێزرایەوە بۆ دیوانیە و لەوێ نزیکەی سێ ساڵ ماینەوە.

لەم شارە جوانەدا زیاتر شەیدای هونەری تەشکیلی بووم، بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاکانم زۆریان هاندام و پشتگیریان کردم لەوانە مامۆستایان (عبدالهادی شاکر ئەلعامری، حسین ئەحمەد ئەلرزەوی، شلال فیاز، عبدالکریم ختلان). لێرە سەرەڕای هونەر خۆمدایە پەخش و بڵاوکراوەی قوتابخانە و نووسینی وتاری ئەدەبی و خوێندنەوە و لەبەرکردنی دەقەکانی (نهج البلاغە).

لەم قۆناغەدا فەرمانبەری کتێبخانەکەمان زۆر هانی ئەدام و پێیخۆشبوو کە خووم دابووە خوێندنەوە، ڕێنمایی ئەوەی دەکردم کە (موتەنەبی و تەها حسێن و عەقاد و مەحمود تەیمور و ڕەسافی و زەهاوی و عەلی مەحمود تەها ئەلموهوندیس) بخوێنمەوە.

هەر لەم سەردەمەدا چالاکییەکانم فراوانتر بوو، سەرکەوتمە سەر شانۆش، لە دوو شانۆنامەدا بەشداریمکرد، یەکەمیان بە ئینگلیزی (ئاهەنگی چا خواردنەوە) دەرهێنانی مامۆستا (شەلال فەیاز)، دووەمیان (پیسکە) دەرهێنانی (حسێن ئەحمەد ئەلرەزوی).

وادێتە یادم سامی عەبدولحەمید کە ئەو ساڵە لە ئامادەیی دیوانیە قوتابی بوو، ئەو میکیاژی کردین. لە ساڵانی دیوانیەمدا زۆر بەتاسەوە بووم بۆ بینینی ئەو شانۆنامانەی لەسەر شانۆی ئامادەیی دیوانیە پێشکەش دەکرا.

لە ساڵی (١٩٤٦)دا باوکم جارێکی تر گوێزرایەوە بۆ کەرکوک، ئەم شارە بەوەفایەم بەجێهێشت و لەبەرئەوەی بە پلەیەکی باش قۆناغی سەرەتاییم تەواوکرد لە کۆلێژی شا فەیسەڵ لە بەغدا وەرگیرام، بەڵام زۆر زوو بەجێمهێشت و گەڕامەوە ماڵی باوکم لە کەرکوک و لەوێ چوومە قوتابخانەی ناوەندی. لەم دەورەدا هونەرمەندانی شارم ناسی وەک (محمود ئەلعبیدی، سنان سەعید، سدیق ئەحمەد)، لە ئەدیبانیش جووتەبرا (عەبدئەلسەمەد و عەبدولعەزیز خانەقا و هادی مەردان و ئیبراهیم محەمەد عەلی و نائل یەعقوبی و مارف خەزنەدار)، هەروەها بەدیداری مێژوونووسی مەزن مامۆستا (محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی) شادبووم.

لە ساڵی (١٩٥٣) قۆناغی ناوەندیشم تەواو کرد و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا وەرگیرام، پێش ئەوەی ئەم شوێنە هەڵبژێرم زۆر بەتاسەوە ئەمڕوانییە بەرهەمی هونەرمەندەکانی کەرکوک، بەتایبەتی (دکتۆر سنان سەعید و هونەرمەندی مەزن مەحمود ئەلعوبێدی پێشەوای بزووتنەوەی هونەری تەشکیلی لە کەرکوکدا و بەرهەمە ئەدەبییەکانی چیرۆکنووس عەبدئەلسەمەد خانەقا و ڕەخنەگر عەبدئەلعەزیز خانەقا و شاعیر هادی مەردان و وەرگێڕ ئیبراهیم محەمەد عەلی)م دەخوێندەوە، لەم قۆناغەشدا ناوبەناو وتاری ئەدەبیم لە پەخش و بڵاوکراوەی قوتابخانە و ڕۆژنامە عیراقییەکاندا بڵاودەکردەوە، هەروەک وتم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی بەیانیان وەرگیرام، ئەمە یەکەم ساڵ بوو کە بەشی بەیانیان بکرێتەوە تەنیا دوو لق بووین، لقی وێنە و پەیکەرتاشی، لقی مۆسیقا.

مامۆستاکانمان (فایەق حەسەن و ئیسماعیل شێخلی و عەتا سەبری و فەرەج عبۆ) بوون. لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەم مامۆستا بەڕێزانەوە زیاتر شارەزاییمان پەیداکرد و چاکتر لە هونەر گەیشتین، پەیوەندی نێوان بەشی بەیانیان و بەشی ئێواران پتەوتر بوو، شارەزای بەرهەمەکانیان بووین، بەشبەحاڵی خۆم لەتەک زۆربەی هونەرمەنداندا پەیوەندیم پەیداکرد لەوانە مامۆستایان (کازم حەیدەر

و جەمال فەرەج و عەبدئەلغەنی حیکمەت و نوری ئەلراوی و شاکر حەسەن ئال سەعید و مامۆستای مەزن ئەسعەد عەبدئەلرزاق و حافز ئەلدروبی و نەزیهە سەلیم و مونیر بەشیر و غانم حەداد و مونیر ئەلحەکیم و روحی ئەلخەماش).

لە ساڵانی خوێندنمدا لە پەیمانگا مامۆستای گەورەم هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (حەقی ئەلشبلی) دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕێنماییکردنمدا و پێگەیاندنی هەست و هۆشی هونەریمدا. تائێستاش بەڕێزەوە یادی مامۆستاکانم و هاوڕێکانم دەکەمەوە و هەواڵی چالاکییەکانیان دەپرسم.

یەکەم ساڵمان عەمیدی پەیمانگا نووسەری بەناوبانگ (دوالنون ایوب) بوو، دووەم ساڵ خوالێخۆشبوو (شەریف محەمەد ئەمین حەیدەر) کە کردمی بە چاودێری گشتی پەیمانگا. بە پلەیەکی باش پەیمانگام تەواوکرد، نازانم بۆچی زۆر دڵم بەوەوە بوو کە لە بەغدا یان لە دیوانیە دابمەزرێم، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت بەلای خۆمەوە دیوانیە ئەو لانکەیەیە کە تیایدا پەروەردەکرام. هیوام وابوو خوێندنی باڵا تەواوبکەم، بەڵام بۆم نەگونجا. کرام بە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی ڕۆژی (٢١/١١/١٩٥٥) دەستم بەکاری خۆم کرد. هەوڵمدا ئەو بناغە هونەرییە زانستییانەی لەلام چەسپیون بیانگەیەنمە قوتابییەکانم. هەر پاش ماوەیەک ئەم هەوڵ تەقەلایەم کە لەسەر ڕێبازێکی نوێ و نەخشەیەکی زانستییانە بەجێم ئەهێنا سەریانگرت و بەری ڕەنجەکەم لە پێشانگا هونەرییەکاندا دەرکەوت.

لەو قوتابیانەی ئەو دەمە کە شانازییان پێوەدەکەم: (قادر محەمەد سەعید، ڕەئوف عەلی سەعید، تەها خەلیل، عەزیز موراد، فایەق عەلی ڕشید). ئەم برایانە هەتا ئێستاش هەڵگری مەشخەڵی هونەرن.

ئەمجا بووم بە مامۆستای وێنە لە ئامادەیی سلێمانی، لەو ساڵەدا لەگەڵ هاوڕێی هونەرمەند خالید سەعید کە لەدەورەی خۆم بوو پێکەوە دیکۆری شانۆنامەی (پیسکەی تەڕپیر)مان ئامادەکرد، جگە لەوە ماکیاجی ئەکتەرەکانیشم دەکرد.

زۆر ئاواتم بوو مەڵبەندێکمان ببێ بۆ یەکخستنی تەقەللا و هەوڵ و چالاکی هونەرمەندەکان، بەرودوا بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی سلێمانی مامۆستایان (عەزیز محەمەد قادر و ساڵح سەعید و موسا عەبدولسەمەد) زۆر پشتگیرییانکردم، لە ئەنجامدا توانرا —مەڵبەندی هۆی ڕوونکردنەوەی بیستن و بینین– بکرێتەوە، لێپرسراوانی وەزارەتی پەروەردە ئەو کاتە زۆر پشتگیرییانکردم لە کردنەوەی ئەو مەڵبەندەدا، لە سلێمانی نەک هەر پشتگیریم کرا، بەڵکو پێشوازییەکەی چاکیش لەلایەن

ڕووناکبیرانەوە کرا لەوانە خوالێخۆشبوو ئەدیب و نووسەر (مەحمود ئەحمەد) هاوڕێ و برا کاک (مەحمود تۆفیق خەزنەدار)، برادەری چیرۆکنووس (مستەفا ساڵح کەریم).

ئەم مەڵبەندە لەلایەن وەزیری پەروەردەی ئەوساوە مامۆستا (عەبدلحەمید کازم) کرایەوە، بە فەرمانی (٢٨١٦) ڕۆژی ١٩٥٨/٣/٢١ کرام بە لێپرساوی مەڵبەند، هەستم ئەکرد مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان زۆر بەخۆشییەوە هاریکاریم لەتەکدا دەکەن.

لەبەرئەوەی دەورەیەکی تایبەتیم لە بەغدا بینیبوو بۆیە توانای بەکارهێنانی ئامێری سینەما و پرۆژیکتەر و ئامێرەکانی فێرکردنم هەبوو، توانیمان کامێرای وێنەگرتن و کامێرای سینەمایی و جیهازی چاپکردن بە ئاوریشم و ئامێری دەنگ تۆمارکردن بۆ مەڵبەندەکە پەیدابکەین.

ئەمجا پێویست بوو کادر بۆ مەڵبەندەکە دابمەزرێ، ئەوەبوو کارەباییەک و وێنەگرێک و چەند وێنەکێشێک لە مەڵبەند دامەزران. ئەم مەڵبەندە بەو توانا کەمەیەوە توانی خزمەتێکی زۆری دەزگا زانیارییەکان بکات، دەتوانم بڵێم یەکەم مەڵبەندبوو لە هەموو پارێزگاکانی عیراقدا، تەنیا لە وەزارەتی پەروەردە لە بەغدا مەڵبەندێکی لەم شێوەیە هەبوو.

لەو کاتەدا کە سەرپەرشتیاری مەڵبەندەکە بووم ئەم برایانە لە تەکما کاریان دەکرد: مامۆستایان خوالێخۆشبوو سەید موحسین سمینی خۆشنووس، خوشکە ڕووناک جەمیل سائیب، هونەرمەندان خالید سەعید، عومەر عەلی ئەمین، قادر کوردی، سمکۆ عەزیز، نوری ئیسماعیل، ئیسماعیل خەیات، هەروەها کاک گۆرگین کریکۆر بۆ کارەبا و ساڵح خزیر بۆ وێنەگرتن و کاروباری ئێستگەی قوتابخانەکان. ئەمجا لەدواییدا ئەم مەڵبەندە و مەڵبەندی چالاکی قوتابخانە کران بەیەک.

بە شانازییەوە دەیڵێم: دامەزرێنەری هەردوو مەڵبەندەکە بووم، جێی شانازیشمە کە توانیم یەکەم مۆزەخانە بۆ جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی فۆلکلۆری جیهانی لەناو ئەم مەڵبەندەدا بکەمەوە. لەڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی دەرەوەدا توانیم دەنگی خۆم بگەیەنمە دەرەوە بۆ ئاڵوگۆڕی جلوبەرگ.

لە کۆنگرەی یەکەمی هونەرمەندانی عیراقی لە بەغدا پێشانگایەکی تایبەتیم بۆ جلوبەرگی کوردی کردەوە جێی ڕەزامەندی گشت لایەک بوو. بەرامبەر بەم چالاکییانەم بۆ (زەماڵە)یەکی یونسکۆ لە پاریس پاڵێورام، بەڵام لەبەر کەمی دارایی یونسکۆ پاڵاوتنەکەم دواخرا، شیاوی باسە چەندجارێ لەلایەن وەزارەتەوە بۆ چوونە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن پاڵێورام، بەڵام لە ئەنجامدا هیچیان سەریاننەگرتووە.

ساڵی (١٩٦٥) نێردرام بۆ (بەیروت) بۆ هاوبەشیبوون لە دەورەی (ئاداب و علوم) لە زانکۆی ئەمریکی. لەوێ لەکاتی دەورەکەدا پێشانگایەکم ئامادەکرد کە لەلایەن دکتۆر (حەبیب ئەلکورانی)یەوە کرایەوە، زۆر لایان پەسەندبوون، توانیم هونەری ڕەسەنی کوردی لە ڕووناکبیرانی ئەوێ بناسێنم.

من لە ژیانمدا دەرسی وێنەم لە هەموو قۆناغەکاندا وتۆتەوە هەر لە باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تا خانەی مامۆستایان، جگە لە دەورە هونەرییەکان.

لە ساڵی (١٩٦٩)وە تا ساڵی (١٩٧١) چوومە (سعودیە) و لەجێی مامۆستا (شاکر حەسەن ئال سەعید) بووم بە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

یەکەم کەس بووم لەوێ هاوبەشی دامەزراندنی مۆزەخانەی پیشەسازی میللی و هونەری میللی و فۆلکلۆریم لە پەیمانگاکەدا کرد. کە گەڕامەوە سلێمانی لە کۆتایی ساڵی (١٩٧١)، ماوەیەک لە ئامادەیی کچان و ماوەیەک لە قوتابخانەی سەرشەقام مامۆستا بووم.

لە پاشاندا کرام بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ کاروباری هونەر لە پەروەردەی سلێمانی، شیاوی باسە یەکەم سەرپەرشتیار بووم کە لەم پارێزگایەدا بۆ هونەر دابنرێم، پشتگیری بەڕێوەبەری ئەوسای پەروەردە مامۆستا (سامی حسێن نازم) هەرگیز لەبیرناچێ. ماوەی دوانزە ساڵ لەم کارەدا مامەوە، دەوری خۆم بینی لە ئاڕاستەکردنی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ پێگەیاندنی چرۆ تازە پشکوتووەکان و بۆ گەشەکردنی بەهرەی قوتابیان. تا لە ١٩٨٥/١/١ لەسەر خواستی خۆم خانەنشین بووم، بەڵام ئایا بۆ ئەدیب و هونەرمەند خانەنشینی هەیە؟ بێگومان نەخێر، چونکە ئیتر دەستمدایە فڵچە و بۆیە و کەوتمەوە کارکردنی هونەری لە قۆناغی تازەمدا.

## هەندێ وردە ڕاز

١- باسێکی فراوانم دەربارەی شێوازی وتنەوەی وانەی پەروەردەیی هونەری هەیە و ساڵی (١٩٦٧) پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەم کرد.

٢- باسێکم بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەی ستاتیک) پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کرد، تیایدا دوو پێشنیازی گرنگم هەبوو:

أ/ مەڵبەندێک لە زانکۆ بکرێتەوە بەناوی (مەڵبەندی باس و لێکۆڵینەوەی ستاتیک).

ب/ پەیمانگایەک لە سلێمانی بۆ هونەرەجوانەکان بکرێتەوە.

٣- باسێکم پێشکەش بە کۆنگرەی یەکەمی هونەرمەندان لە بەغدا کرد دەربارەی بایەخدان بە وانەی پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا.

٤- باسێکم سەبارەت بە بووکەشووشە و بووکە سەماکەرە ئامادەکرد بە هاوکاری ئاوەڵێکی سوریایی، پێشکەشمانکرد بە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت.

٥- سەبارەت بە گرنگی مەڵبەندی ئیشی دەست و بایەخدان بە وتنەوەی ئەم مادەیە لە قۆناغی سەرەتاییدا و گەشەپێدانی توانای ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادری کارامە، باسێکی فراوانم پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرد.

٦- یەکێکبووم لە ڕێکخەرانی (پیشەنگای کشتوکاڵ و ئاژەڵ) لە سلێمانی ساڵی (١٩٥٨).

٧- یەکێکبووم لەوانەی هەوڵمداوە بۆ بایەخدان بە شانۆی منداڵ، شانۆی باخچەی ساوایان بەری ئەو ڕەنج و تەقەللایەمە.

لێرەدا شتێکم دێتەوە یاد بە هەلی ئەزانم کە باسی بکەم: سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٢) بوو، دنیا سارد بوو، بەفر باریبوو، هاوڕێی خۆشەویستم مستەفا ساڵح کەریم کە لە ساڵی (١٩٥٧) بووبووین بە هاوڕێ و برا، شتێکی زۆر گرنگ لێکی نزیککردبووینەوە، دوو لاو لەسەرەتای لاوێتی و هیوا و ئاواتدا، ئەوێکی شەیدای ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی منی ئاشقی هونەر و ئەدەب، ئەم ئەشقە کردبووینی بە برا نەک تەنها بە هاوڕێ.

ئەم برایەم بە تەلەفۆن لە چوارتاوە پێیوتم: کە لە قوتابخانەی چوارتای کوڕان کە ئەو بەڕێوەبەری بوو شانۆییەکیان بە دەستەوەیە و پێویستیان بە ماکێرە، دەستم بە ڕوویەوە نەنا، بەڕۆژێکی تۆف و بەو ڕێگا پێچاوپێچە ناخۆشەی ئەوسادا چووم بۆ چوارتا، لەڕێگا ئۆتۆمبێلەکەشمان وەرگەڕا و کارەساتی ناخۆشیشم بینی، بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ و ئەو جۆش و خرۆشەم بینی هەموو ماندوویەتیم بیرچۆوە، ماکیاجی قوتابییەکانم کرد و بۆ ئێوارە پەردەکرایەوە و شانۆنامە پیشاندرا لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هاوڕێم (مستەفا ساڵح کەریم)، سەرکەوتنی شانۆییەکە بەختیارییەکی پێبەخشیم کە مەگەر هەر هونەرمەند هەست بەو جۆرە بەختیارییە بکات».

٨- ڕێکخەر و دەرهێنەری میهرەجانی بەرگری فۆلکلۆری و میللی بووم لە باخچەی ساوایانی سلێمانی ساڵی (١٩٥٨) کە لەسەر شانۆی کتێبخانەی گشتیی ئەوسا پێشکەشکرا کە بەرامبەر بە مزگەوتی گەورە بوو.

٩- بایەخێکی زۆرم بە سامانی میللی کوردی داوە بۆ ئەوەی باسەکانم بەپێز بکەم هەمیشە پیاوانی ڕیش سپی و دنیادیدەم دیوە و دێهاتەکان گەڕاوم و پرسم کردووە دەربارەی خواردەمەنی و جلوبەرگ و گژوگیا و داوودەرمان و لاوک و حەیران و گۆرانی و لاواندنەوە و لای لایەی منداڵ.

١٠- ئەندام نیم لە هیچ نەقابە و کۆمەڵێکی هونەریدا تائێستا.

١١- وەک لەوەوبەر باسمکرد چەند جارێک بڕیاری پاڵاوتنم دەرچووە بۆ دەرەوەی وڵات و لە ئەنجامدا کۆسپ و تەگەرە هێنراوەتە ڕێگام لەوانە:

أ/ لە ساڵی (١٩٦٥)دا زەمالەی یۆنسکۆ بۆ خوێندن لە پاریس.

ب/ لە ساڵی (١٩٥٧) زەمالەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ژاپۆن بۆ خوێندنی نەخش و نیگاری قوماش.

ج/ لە ساڵی (١٩٥٨)دا ناردن بۆ ئەمریکا بۆ خوێندنی دیکۆری شانۆیی مناڵ لە کالیفۆرنیا.

د/ لەکۆتایی ساڵی (١٩٥٨)دا زەمالەیەک بۆ کۆریا بۆ خوێندنی سیرامیک.

ه/ لە ساڵی (١٩٥٩)دا ناردن بۆ ئیسپانیا بۆ خوێندنی (هونەری ڕیازەی ئیسلامی)، لەدواییدا گۆڕا بەوەی کە بنێردرێم بۆ ئێران بۆ هونەری تەونکردن و نەخشی فەرش ئەمیش هەر سەری نەگرت، چونکە وەک زانیم ئەمەیان بۆ ڕاهێنانە، نەک بۆ خوێندن، باوەڕنامەشی نابێ لەبەرئەوە خۆم وازم لەچوون هێنا.

١٢- حەز بە هاوڕێیەتی مناڵ ئەکەم و دڵم بە وێنەی مناڵان زۆر دەکرێتەوە.

١٣- لە خوێن و دیمەنی خوێن زۆر ئەترسم.

١٤- سروشتم خۆشدەوێ و سەرچاوەی هەموو هەستێکی هونەریمە.

١٥- بەشانازییەوە هاوبەشبووم لە چاککردنەوە و پاراستنی شانۆی ئامادەیی سلێمانی. پێشنیاریشم کرد کە هۆڵەکە پلیکەدار بکرێ.

١٦- کاتی خۆی ساڵی (١٩٥٢) لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە پێشنیازی من و یارمەتی هونەرمەندی مەزن فایەق حەسەن گەشتێکمان بۆ شەقڵاوە و ڕواندوز و دیانە ڕێکخست، هەروەها باتاس و حەریر و حاجی هۆمەران و زینۆی شێخی و ڕایات. پازدە ڕۆژی خایاند بەری ئەم گەشتەمان پێشانگایەک بوو لە بەغدا ئامادەمانکرد.

١٧- ئەوەی شانازی پێوەدەکەم پاش (٢٩) ساڵ خزمەتکردن لە پەروەردەدا، وشە جوانەکانی مامۆستایان و ڕێزگرتنی هونەرمەندان و ڕووناکبیران و ئەدیبانە کە هەمیشە مەدالیای زێڕینی بەرۆکمن.

١٨- پەیوەندیم لەتەک زۆربەی ئەدیب و هونەرمەنداندا پتەوە، زۆریشیان هاوڕێی نزیکمن.

١٩- زۆربەی ئەو شانۆییانەی ساڵی (١٩٥٧) لە سلێمانی لەلایەن قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە پێشکەشکرا من ماکیاجی قوتابییەکانم دەکرد.

٢٠- لە شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)دا دیسان ماکیاجی ئەکتەرەکان بەمن سپێردرا.

٢١- کاتێک بۆ یەکەمجار لەم پارێزگایەدا لە شەستەکاندا هاوڕێم (مستەفا ساڵح کەریم) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەڵکەندی و لە پاشان قوتابخانەی شێخ مەحمود بوو کە گۆڤارێکی قوتابخانەی بە کوردی و بە عەرەبی بەناوی (ڕابەر)ەوە دەردەکرد لەزۆربەی ژمارەکانیدا بە نووسینی وتاری هونەریی بەشداریم تێداکرد.

٢٢- لە ساڵی (١٩٨٢)دا دەربارەی تاقیکردنەوەی هونەریی خۆم کۆڕێکم لەلایەن نەقابەی هونەرمەندانەوە لە هۆڵی نەقابەکانی کرێکاران بۆ سازکرا.

٢٣- لە ساڵی (١٩٥٧) لەتەک خوالێخۆشبوو هونەرمەند (ڕەفیق چالاک) و برایان (مستەفا ساڵح کەریم و دیلان و نوری وەشتی)دا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بووم لە سلێمانی.

## کورتە ڕاز

هەر لە منداڵییەوە شەیدای دیمەنە جوانەکانی دێهاتی هەورامان بووم بەتایبەتی بیارە و تەوێڵە. درەختی جوان، چیای سەرکەش، تاڤگەی ئاو، ڕاستگۆیی و زیرەکی و دەستپاکی و دڵسۆزی خەڵکەکە. بۆیە هەرگیز لەبیرم ناچنەوە و لە تابلۆکانمدا ڕەنگدەدەنەوە.

هەروەها دێهاتی پشدەر و ڕانیە، دیمەنی بەرەبەیان، کاتی زەردەپەڕ، ئاوی قولێ، سەروچاوە و بێتواتە، مەڕومالاٚت، کار و بەرخ، دەنگی شوان و ئاوازی شمشاڵ. ئەمانە هاندەرم بوون بۆ زیاتر خۆماندووکردنم لە هێنانەبەری تابلۆکانمدا.

هەروەها دێهاتی گەرمیان – ناوچەی ئاغجەلەر و سەنگاو کارێکی زۆریان کردۆتە بەرهەمەکانم، زوو زوو سەرم لێدەدان و بەدیداری کەسوکاری قوتابیان شاد دەبووم.

ئەو هونەرمەندانەی بە تاسەوە حەز بە هونەرەکەیان دەکەم هەریەکە و لەبواری خۆیدا:

حەقی شبلی، فایەق حەسەن، ئەسعەد عەبدولڕەزاق، جەواد ڕەسولّ، ئیسماعیل شێخلی، ئیسماعیل خەیات، عەتا سەبری، مەحمود ئەلعوبێدی، محەمەد عارف، ئەحمەد سالار، سمکۆ عەزیز، مونیر بەشیر، غانم حەداد، هاشم ئەلڕەجەب، مونیر حەکیم، ئیبراهیم شعوبی، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، دلێر ئیبراهیم.

ئەو ئەدیب و شاعیرانەی بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە و چێژی تایبەتیم دەدەنێ:

ئەحمەد هەردی، جەمیل ڕۆژبەیانی، دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر ئیحسان فوئاد، دکتۆر عزەدین مستەفا، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، حەمە سالّح دیلان، شێرکۆ بێکەس، مستەفا سالّح کەریم، حسێن عارف، محەمەدی مەلا کەریم، شکور مستەفا.

ئەوانەی لە ڕێبازی هونەریدا لەیەک کارواندا بووین و بووینە هاوڕێ، ئەم هونەرمەندانە بوون:

جەواد ڕەسولّ ناجی، سلێمان شاکر، محەمەد عارف، خالید سەعید، ئیسماعیل خەیات.

لەو قوتابییانەشم کە جێی شانازیمن:

عەلی جۆلاّ و تاهیر ئیبراهیم –کە ئێستا لە ئەمریکایە– سەردار زهدی، لالە عەبدە و چەندین لاوی تر کە مایەی شانازی و بەختەوەریمن.

## ڕەنگ

ئەو ڕەنگانەی لام پەسەندن:

پەمەیی، پرتەقالّی، شینی ئاسمانی، وەنەوشەیی کالّ.

## بۆن

ئەم بۆنانەم لاخۆشن:

بۆنی کنێر، بۆنی نێرگز و وەنەوشە، بۆنی گولاّو.

### سەرنجدانم

هەرگیز چاوەکانم تێرنابن لەنیگای دیمەنەکانی گوندەکانی کوردستان، بەتایبەتی کوێستانەکانمان.

حەز بە بینینی خێڵ و بار دەکەم کە گەرمیان و کوێستان دەکەن، زۆرم پێخۆشە کە دەچمە مزگەوتەکانی لادێ و سەرنج دەدەمە ئەو خەڵکەی لەگوێ حەوزی مزگەوت دەستنوێژ هەڵدەگرن و لەپاشان دوای نوێژکردن دەکەونە قسە و گفتوگۆ و حیکایەت.

چەند جوانە دیمەنی شوانەی گوند کە لەکاتی خۆرئاوادا مەڕ و ماڵاتەکەی دەکات بە ئاواییدا، یان دیمەنی دەرچوونی بەیانیانی، زۆر دڵگیرە لام کە پۆل پۆل لاوان و کیژان دەچنەسەر کێڵگە و باخ و بێستان و مێرگ و مێرغوزار و لەو سەرەوە بە چەپکەگوڵی کێویلەوە بەدەم گۆرانی و ئاوازی خۆشەوە دەگەڕێنەوە، یان کۆبوونەوەی پیاوە بەساڵاچووەکان لەسەر بانیچەی ماڵەکانیان و گوێگرتن لە بیرەوەری و یادگارەکانی سەردەمی لاوێتیان، هەروەها ئەو فانۆسانەی بە کەپرەکانیاندا شۆڕدەبنەوە کە بەدیار باخەکانیانەوە کردوویانە، لەتەک گۆرانی لاوان و هەرا و بگری مناڵان.

چەند خۆشە میوانی ماندوو کە لە کەپرەکە نزیک دەبێتەوە و کاسەیەک دۆی ساردی بۆ دەهێنن، دڵداری پاک و بێگەری نێوان هەرزەکارانی گوند. ڕاز و خوازی کیژۆڵە عاشقەکان لەسەر کانی، یان لە هەرەوەزی درەوکردندا، یان لەکاتی کنگر و گێلاخە یا لە مازوو چنینا. ئەی دیمەنی شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک و ڕمبازێن.

### چی زۆر ڕامدەکێشێ

وێنەکێشانی ڕیالیزمی.

گونجاندنی شێوە و ناوەڕۆک کە تەعبیر لە هیوا و ئاواتی مرۆڤ بکات.

### کاری شوێنەوار

جێی خۆیەتی ئەگەر بڵێم: هەرچەندە باوکم فەرمانبەرێکی بچووک بوو، بەڵام یەکێک بوو لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی، بۆیە ئێمە خێزانەکەم لە جیهانی کەلچەر و هونەر نزیکبووین. تەنانەت باوکم حەزی لە وێنەکێشان دەکرد، زۆرجار بۆ ئارەزووی خۆی دەستی دەدایە ڕەسمکردن. بەو شێوەیە من لە ماڵەکەدا وەک کوڕی گەورە مەشخەڵی هونەرم هەڵگرت و کەس دەستی نەهێنایە بەرم،

بەپێچەوانەوە باوکم پشتگیریشی دەکردم، بۆیە بەرودوا برا و خوشکەکانم عاشقی هونەر بوون و بۆی دەسووتێن.

براکانم: شێرزادی جوانەمەرگ؛ هونەرمەندێکی دەسترەنگین بوو.

نەهرۆ: یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکان.

رزگار: ئارەزووی رەسمکردن و خۆشنووسی و رۆژنامەنووسی هەیە و تائێستاش مامۆستای هونەرە.

وریا: مامۆستای رەسمە و دەستی رەسمکردن و خۆشنووسی هەیە.

ئاراس: هونەرمەندێکی خاوەن بەهرەیە.

سەرچڵ: هونەرمەندە، پێشانگای تایبەتی پێشکەشکردووە.

کامەران: سەرەرای ئەوەی رۆشنبیرێکی کارامەیە و زۆر دەخوێنێتەوە، هەروەها دەستێکی بالای لە وێنەکێشان و وێنەگرتنی فۆتۆگرافیدا هەیە.

خوشکەکانم:

رووناک و نازەنین:

هەردووکیان مامۆستای هونەرن و لێی نەپچراون و دەستی رەسمکردنیشیان هەیە.

نێرگزی براژنم، خێزانی رزگار:

هونەرمەندێکی وریا و زیرەکە، ماوەی بیست و سێ ساڵە وانەی رەسم لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا دەڵێتەوە، هەموو ساڵێکیش پیشانگایەکی تایبەتی لە بەرهەمی قوتابییەکانی پێشکەش دەکات.

خۆشی برازام، کچی رزگار:

قوتابییە لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان، هاوینی ساڵی (١٩٨٦) لە تەک سەرچڵی براما پێشانگایەکی هاوبەشیان لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشکەشکرد، زۆر جێی ستایشی جەماوەری هونەردۆستان و هونەرمەندان بوو.

## قۆناغی نوێی ژیانم

### واتە لەکاتی خانەنشینیمدا

کاتێ کە خۆم بە خانەنشینی بینی، بۆم دەرکەوت کە ئیتر کاتی ئیشکردنی بە کەڵکە، ئەو بەرهەمانەم کە ئەنجامی چەندین سەرنج و ژانی تایبەتیم بوون، بەرودوا لەدایکبوون.

هەرچەند لە تابلۆیەکم ئەبوومەوە بە شادمانییەوە پیشان هونەرمەندە خاوەن تواناکانم دەدا بەتایبەتی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم بەرهەمە هونەرییانەمی دەکرد. هەمیشە شانازی بەو و بە هاورێکانییەوە دەکەم و شادمان بووم بە سەرنج و تێبینییەکانیان.

لەم ماوەیەدا هاورێ هونەرمەندەکان و دۆست و برادەران هانیان دەدام کە پێشانگایەک پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی تابلۆکان هەر لە چوار دیواریماڵەوەدا نەمێننەوە و بکەونە بەرچاوی جەماوەر، بەڵام من چاوەڕوانمکرد تابتوانم چاکترین بەرهەم پێشکەش بکەم.. کە وایان لێهات ئیتر ڕووبکەنە جەماوەر، دەستم بەڕووی مامۆستای گەورەم (ئیسماعیل شێخلی)یەوە نەنا و لەسەر خواستی ئەو و هەڤاڵە هونەرمەندەکانم خۆم بۆ ئەم پێشانگایە ئامادەکرد.

هاورێ و برام هونەرمەند (ئیسماعیل خەیات) هەندێ لەو بەرهەمانەی هەڵبژارد کە زۆربەیان بە ڕەنگی پۆستەر و هەمەچەشن ڕەسمکراون. دەتوانم بڵێم ئەم بەرهەمانە بەری ئەو تێڕوانینەی منن سەبارەت بە شوێنەواری میللی و سروشتی ڕەنگین.

هەمیشە دوورەپەرێز نیم لە بزووتنەوەی شەپۆلی داهێنانی هاوچەرخ، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی لەتەک ڕەسەنایەتی سامانی میللیدا دەژیم بۆیە دەبینرێ خواستەکانم بەشێوەیەکی ڕیالیزمی و کاریگەرانە لە شوێنەوار و سروشت بەدیدەکەم.

وەک هونەرمەندێک ڕاستییەک دووپاتدەکەمەوە ئەویش ئەوەیە چەسپاندنی کۆڵەکەی ویژدان بە ڕەسەنایەتی سامان و جێی دەستکردنەوە وەک هونەرمەندێک بەرەو داهێنان، بۆیە دەڵێم: پێویستە هونەرمەند ڕێزی تایبەتی هەبێ بۆ دابونەریت و پشتیان تێ نەکا و هەوڵبدات بیانپارێزێ تا بتوانێ لەتەک جەماوەردا بە زمانی ئەوان بدوێ.

دەبێ هونەرمەند کۆشش بکات بۆ خولقاندنی وشیاری هونەریی، دەبێ نەخشەی تایبەتی بۆ خودی خۆی کێشابێ کە ماوەیەکی فراوان بۆ خۆی برەخسێنێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی سامان و دڵسۆزی لە هەستکردن بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی. هەروەها هەوڵبدات ئاسۆی ڕووناکبیری

خۆی فراوان بکات و هەست بە جوانی ژیان بکات. سەرەڕای هەڵهێنجاندن لەسەرچاوەی شارستانێتی کۆن و سەردەمدا و دەبێ پەیوەندی پتەوبێ بە جەماوەر و بڕوایان بە خۆی بەهێزبکات تابتوانێ بەوپەڕی لێهاتوییەوە ببێتە هونەرمەندێکی بە توانا و دڵسۆز بێ بۆ ئامانج و ئاواتەکانیان.

جێی شانازیمە کە ناوبەناو هاوڕێکانم لە ئەدیبان و هونەرمەندان دیدەنیم دەکەن، نایشارمەوە دەڵێم توانای هونەریم بە سەرنجە بە سوودەکانیان بەهێزتر دەبێ، چونکە لەتەکما دەکەونە گفتوگۆ لەسەر بەرهەمەکانم بەڕێزەوە گوێ بۆ بیروڕا و ڕەخنەکانیان شل دەکەم، ئالێرەوە هەستدەکەم ڕێبازی هونەریم ڕوونتر دەبێ و بەرهەمەکانم زیاتر دەچنە دڵی خەڵکییەوە.

## وشەیەکی وەفاداری و پێزانین

لەکاتێکدا چاوێک بە تابلۆکانمدا دەگێڕم کە وەک جگەرگۆشەی خۆم سەیریان دەکەم، کەسانێکم دێنەیاد کە هەریەکەیان، کەم یا زۆر دەستێکی بووە لە گەشەپێدان و فراوانکردنی مەیدانی هەمەجۆری هونەری سامانی نەتەوەکەمان، یاریدەدەر و هاندەرم بوون بۆ پێشکەشکردنی ئەم بەرهەمانە و ئامادەکردنیان بۆ ئەم پێشانگایە لەوانە:

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو مامۆستا حەقی شبلی

هونەرمەندی مەزن مامۆستا ئیسماعیل شێخلی

دکتۆر موکەڕەم ئەلتاڵەبانی

دکتۆر مارف خەزنەدار

مامۆستا جاسم ئەلعبودی

مامۆستا عەبدولسەمەد ئەلسامەڕائی

مامۆستایان ئەحمەد هەردی و حەمە ساڵح دیلان و ئیسماعیل خەیات و مەحمود تۆفیق خەزنەدار و جەمال عەبدول و مستەفا ساڵح کەریم و حەمەنوری تۆفیق و جەمال خەزنەدار و غەریب پشدەری و عەلی عەزیز و شێرزاد جەباری و هونەرمەند حەمەڕەزا و عوسمان هەورامی و وسوی حەمەدبەگ و خوشکە قادریە عەلی مەردان.

هەروەها بەپێویستی دەزانم لەم بوارەدا سوپاسێکی بێپایانی ئەو مامۆستا دڵسۆزانە بکەم کە لە قەڵادزە و ڕانیە و بێتواتە و تەوێڵە و بیارە و چەمچەماڵ و ئاغجەلەر و سەنگاو و بەستەسێن یاریدەیان

داوم و کاری گرانیان بۆ ئاسان کردووم، هیوام وایە نموونەیان هەر لەزیادبووندا بێ.

هەر لەم بوارەدا ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو هونەرمەندانەی بە شانازییەوە لەم بوارەدا و لەم پارێزگایەدا پێشرەوبوون لەوانە: ئەنوەر توفی و خالید سەعید و حەسەن فەلاح و عەزیز سەلیم و جەمال بەختیار.

چەپکێ گوڵی ڕەنگاورەنگیش بۆ سەر گۆڕی هونەرمەندی جوانەمەرگ (شێرزاد شەوقی). بە هیوام مەشخەڵی هونەر لە شارەکەمدا هەرگیز بلێسەی کزنەبێ، زۆریش دڵشادم کە پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان و ئەکادیمیا بەردەوام هونەرمەندی لاو پێدەگەیەنن و ئەوانیش بە شانازییەوە ئاڵای هونەر لەدەستی نەوەی پێشوویان وەردەگرن.

لەو هونەرمەندە تەشکیلییانەی لای خۆمان کە زۆر بە پەرۆشەوە حەز بە بینینی بەرهەمەکانیان دەکەم: ئیسماعیل خەیات، نوری ئیسماعیل، کامیل ئەحمەد مەعورف، دارا حەمەسەعید، حیکمەت هیندی، سلێمان شاکر، محەمەد فەرەج، کۆسرەت جەمال غەفور، ناسر.

## دوا وشە

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتدا لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە)دا هونەرمەندی مەزن مامۆستا (ئیسماعیل شێخلی) لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەڵێت؛ «سەرەڕای خەریکبوونمان بە میهرەجانی شەشەمی (**واسطي**)یەوە، لیژنەی نیشتمانی هونەری تەشکیلی پێشانگای دووەمی لاوان پیشاندەدات. هەروەها چەند پێشانگایەکی ڕێزلێنان بۆ ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە سازدەکەین (زەید ساڵح زەکی، کازم حەیدەر، عەتا سەبری، حەمید ئەلمحەل، ئازاد شەوقی) بۆ ئەوەی سەرنجێک لە مێژووی ئەم هونەرمەندە مەزنانە بدەین و ئاوڕێک لەو بەخشینە بە پیتانەیان بدەینەوە لەماوەی ژیانی پڕ لە شانازیاندا.



بەبۆنەیماڵئاوای کردنی مامۆستایان (ئیسماعیل ئێخلی ـ فایەق حەسەن) بۆ هیند ١٩٥٥



له میوان خانەی کارلتۆن لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا/ بەیروت ١٤ تەموزی ١٩٦٥



لەگەل بەشدارانی خولی مەڵبەندی رونکردنەوەی بیستن و بینین ١٩٥٩



لەگەڵ قوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد ١٩٥٣



بەڕێوەبەر و کارمەندانی چالاکی هونەری قوتابخانەکان لە پیشانگەی هونەرمەندانی سەرپەرشتیاری چالاکی قوتابخانەکان
هۆڵی ئامادەیی کوردستانی کچان
لە ڕاستەوە: سەید موحسین (خۆش نووس)، شێرزات شەوقی، قادر کوردی، ئازاد شەوقی، ئەنوەر قەرەداغی، نوری ئیسماعیل (کارگوزار)
دانیشتوەکان لە ڕاستەوە: سامی سەید موحسین، ئەکرەم سەعید، قادر نوری، شەهید حەمە ئەمین پۆڵا، ئەنوەر عەبدولرەحمان



یەکەمین پیشانگەی شێوەکاری قوتابخانەکانی ناو شاری سلێمانی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی، لە وێنەکەدا (سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆی ئەوسای عێراق پێشانگەکەی کردۆتەوە.
لە چەپەوە: ئازاد شەوقی، سەعید قەزاز، خالید سەعید، بەدریە عەباس (کارگێری ئامۆژگای پیشەسازی)، پیشانگەکە لەلایەن شێوەکاران ئازاد شەوقی و خالید سەعید رێکخرابوو. ١٦/ حوزەیرانی ١٩٥٨

# ئازاد شەوقی

## لە بەرنامەی ڕەنگ و ڕۆشنایی

سالّی ١٩٩٥ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی بەرنامەیەکی هونەری هەبووە بەناوی (ڕەنگ و ڕۆشنایی) ئامادەکردنی (دلاوەر قەرەداغی، هاوڕێ عەزیز، هێرۆ عەزیز، دڵبەند مستەفا) بووە و بەرنامەکە بە هاوکاری گەلەری زاموا ئامادەکراوە، یەکێک لە بەرنامەکانی تایبەت بووە بە مامۆستا ئازاد شەوقی کە بەم شێوەیە بووە.



**هێرۆ عەزیز:** بینەرانی بەڕێز هونەرمەندانی خۆشەویست ئەمکاتەتان شاد خۆشحاڵین لە وەرزێکی بەرنامەی ڕەنگ و ڕۆشناییدا بەدیداری یەکتر شاددەبین، یەکەمین ئەڵقەی ئەمجارەی ڕەنگ و ڕۆشنایی بەرنامەیەکە تایبەتە بە مامۆستای هونەرمەند ئازاد شەوقی، ڕێزلێنانە لە تەمەنی هونەری و پڕ بەخش و داهێنەرانەی ئەو هونەرمەندە.

کە ڕۆژژمێر و ساڵنامەی تەمەنی ٤٥ ساڵەی مامۆستا ئازاد شەوقی هەڵدەدەینەوە و ئاشنای هونەرمەندێک دەبین کە بەدرێژایی ئەو تەمەنە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هێندەی ڕەنگ و سێبەر و سروشتی ئەفسوناوی بۆ لای خۆی داوەتمان دەکەن دوو هێندە و زیاتریش ئەو ڕۆشناییە دەپرژێنێتە بینینمانەوە کە دەستبەجێ قوڵاییەکانمان پێ دەناسێنێت.

لێرەدا ڕۆشنایی هاوکێشەیەک پێکدێنێت کە پێدەچێت تەنها هەر بە ڕەنگ و شیعر لێکبدرێتەوە، لەو هاوکێشەیەدا ڕۆشنایی خودی سروشت و ڕۆشنایی ناوەوەی هونەرمەند ئازاد شەوقی لەوپەڕی هەڵگونجان و لەهەمانکاتدا لە نا ئاشکرادا خۆیان نمایش دەکەن، ئەمە هاوکێشەیەکی قورسە لە وێنەکێشانی سروشتدا، لە دواندنی سێبەر و بە قسەهێنانی ڕەنگدا.

لە ڕاستیدا بینین لەو ساتەوەختانەدا لەبەردەم وێنەکێشانی شتەکان لە حاڵەتی بزاوتندا سەرسام دەوەستێت، سروشت لە ڕیتمی ئارامی خۆیدایە، ئاسمانی شین و شاخی سپی و درەختە ڕەنگاوڕەنگەکان، جۆرە بینینێکی پیاسەیەکی ئاوها ڕامانە لە سیحری جوانییەکی بەرهەم، لە سیحری ڕووناکییەک کە ئەگەر لە ساتەوەختی کشانیدا تەماشاکردنی ڕەنگەکەی ئەوا ئەو بەهەمان ڕیتمی شاعیرانەی خۆی جێتدێڵێت، لێرەدایە زمانی ٤٥ ساڵەی مامۆستا ئازاد شەوقی لەگەڵ ڕەنگ و سروشت لێدانی دڵی شتەکانە لە پاکژترین شتدا خۆی دەنوێنێت، ئەو خۆی لەسەرەتادا بەر لە خۆئامادەکردنی ئێمە بۆ بینین سەفەر بەرەو قوڵاییەکان دەستپێدەکات و خۆی لە پاڵ سیحراوی ڕەنگ و سێبەرەکاندا حەشار دەدات، لەژێر تارای بەفر و جوڵەی سیحراوی تەمدا لەدووی گەرموگوڕی دارستانەکان دەگەڕێت، ئەم لە سروشتدا دەنوێ و سروشتیش لەمدا، ئەم لە سروشت دەگەڕێ و ئەویش لەمدا.

**ئازاد شەوقی:** ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کە ئاواتمان بوو بەهۆی مەجال لەهەموو مەوقیعێکدا کە پێمبوترێت هونەرمەند، کە خەڵاتە پێتدەبەخشن، ئەو ئینسانەی کە لەو بوارەدا ڕۆڵی هەیە، یان بۆ ئەو ڕۆڵە دەستیان هەیە، من لە بواری هونەردا کاردەکەم لە ساڵانی چل و دووەکانەوە تائێستا بەردەوامم، تەنها لەم ئەخیرەدا نەبێت وەستانێکی کوشندە، وەستانێکی دڵتەزێن کە ئاراستەی دەکەین کە ئەویش شەڕە، شەڕی خۆکوژیی، میللەتەکەم، چونکە لەو کاتەدا بوو وابزانم من وەکو ئینسانێک کە تموحی گەورە

و خەونی جوانی هەیە، من ئەو وشەیە لەلای میللەتەکەمەوە گەر پێم ببەخشرێت وشەی هونەرمەند وەکو ڕێزلێنانێک کێ چاودێری یاسا و تەشریعاتی یاسایی کە میللەت دەستنیشانی ڕۆشنبیری خۆی بکات لە هەموو بوارێکدا، بە هەموو بەشەکانییەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە، وەستانەکەی من ئەو وەستانە ترسناکەی کە بە جەنابتی دەڵێم وەستانێکی کاتییە، ئینسان تووشی شکست و نەخۆشی و لاوازی دەبێت هەندێکجار، لە چەند ساڵە و ڕێڕەوی کاری من کاریگەری نەبووە، چونکە من ئیمانێکی موتڵەقم هەیە کە ئینسان دەناسرێت و پێگەی هەیە و بە فیکری و بە بۆچوونی و بەکار، هەرچییەک بێت، مامۆستا بێت، یان کاسبکار بێت، چەندە کار دەکات کە بۆ ئەو میللەتەوە، چەندە تێکەڵاوە لەگەڵ ئەو میللەتە، وابزانم ڕۆشنبیریش بەهەمان شێوەیە.

**هێرۆ عەزیز:** لە ڕووبەڕووبوونەوەی مامۆستا ئازاد شەوقی لەگەڵ سروشت و سیحری سروشتدا، چەمکی ئیستاتیکی نوێ دەبەخشێتە موفرەداتەکانی سروشت، میکانیکیانە ناکەوێتە گێڕانەوەی واقیعگەرانەی سروشت، هەربۆیە لە تابلۆکانی ئازاد شەوقیدا دیمەنەکان بێدەنگ نین، بەڵکو دیمەنەکان لێوان لێون لە جوڵە و خۆئاشکراکردنی شاعیرانەی ڕووناکی، ئاڵوگۆڕی وەرزەکان، چرکەی کاتژمێرەکان بەدوای هاتنی شەو و ڕۆژ، تووڕەیی سروشت و پڕبوونی بە میهرەبانییەکانی ئارامبوونەوە، ئەمانە هەموو کۆنترۆڵی ئەو جێگەیە دەکەن کە هونەرمەند ناخوازێت بە میکانیزمێکی باو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە هەر ساتەوەختێک لەوی تر ناچێت.

ڕەنگی هەر هەنگاوێک لە ڕەنگی ئەوی تر ناچێت، ئەو هەستکردنە بە ڕووناکی، هەستکردنە بە نوێبوونەوەی لای مامۆستا ئازاد شەوقی بەرهەمهێناوە، بۆیە چاو لەو ساتەوەختانەدا دۆش دانامێنێت لەبەردەم وێنەیەکی ئەرشیفیدا، بەڵکو بینین بۆ ئەو دیو ئێستا بە ئاراستەی لەحزەی داهاتوودا ڕەتدەبێت، ئەم نائارامی و نیگەرانییە شاعیرییە کە مامۆستا ئازاد هان دەدات بڵێت من قەرزارباری خۆرم، زۆرجار ڕۆژانە دوو تابلۆ زیاتر لەبەر خۆردا دەکێشم، هەر لە هەڵهاتنییەوە تا ئاوابوونی لە هەر ساتێکدا خۆر بە ڕەنگێکی تازەم دەناسێنێت.

سەبارەت بە ڕەوتی هونەری شێوەکاری کوردی و بەتایبەتی هونەری شێوەکاری عیراقی بە گشتی مامۆستا ئازاد شەوقی وتی: «بزووتنەوەی هونەر بە تێکڕاو شێوەکاری بەتایبەتی، بە بەڵگە دەیسەلمێنم کە وەکو ئینسانێک لەم کوردستانە ئاڵۆزە ناخۆشەی پێشوودا کە ڕژێم لە سەردەمی مەلیکییەوە لە سییەکانەوە لە زۆرێک مێژووی بزووتنەوەی هونەری هەبووە، ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە لەناو هەموو میللەتان کە لەدایک دەبێت، هەموو بەشەکانی ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری کوردی لەبەرئەوەی کە ئەم میللەتەی ئێمە چەوسێنراوەتەوە، تا

ئەم ساتەش دەچەوسێنرێتەوە، بەهەمان ڕێگا، کە ئەگەری هەیە ڕێگاکان ئاڵوگۆڕی تێداکرابێت، کۆڵەکەی تەواوی ئەو گەشەپێدانە ئێمە دەڵێین ئازادی بۆ ڕۆشنبیر و دەستی بەرەلا بکەیت کە ئەو ڕۆشنبیرە، بەو ئازادییە بتوانێت خۆی بسەلمێنێت، پەیامەکەی خۆی نەک بەتەنها بۆ میللەتەکەی خۆی، بەڵکو بۆ میللەتانی تر بگەیەنێت، من هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم بڵێن دەبێت هونەر هەر بۆ خۆمان بێت و ئەو تووندڕەوییەمان هەبێت بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی لەچەند بوارێکدا سەرکەوتوو نەبین، مێژووی ڕۆشنبیری بەتایبەتی هونەری شێوەکاری بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ئازاد نەبووین، تائێستا بەدوامانەوە بوون و هەر سەدەیەک و بەشێوەیەک، هەربۆیە لە چلەکاندا هونەری شێوەکاری قوتابخانەیی بووە، چونکە هیچ دەزگایەکی هونەریی لە کوردستاندا نەبووە تائێستاش، وەزیری ڕۆشنبیریمان نییە بە مانا ڕاستەقینەکەی، لەوانەیە کەسێک دانراوە کە ناوی وەزیری ڕۆشنبیرییە، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم لەو چوار ساڵەدا ئەم وەزارەتە چی کردووە بۆ ڕۆشنبیران، وەکو گللەیی، کردنەوەی ئەو وەزارەتە کارێکی زۆر گەورەیە، بەڵام بەشێوەیەکی فیعلی پێگەی هەبێت، ئەوە جێگەی شێوەکاری بەرقەرار بکات ئەو کاتە کاری داهێنەرانە دێتە پێشەوە و هەموومان هاوار دەکەین هونەرمەندان، ڕۆشنبیران، ئەدیبان لەناو کۆمەڵگای میللەتەکەمان پێگەیان لە کوێدایە، پەرەوازەن، بڵاوبوونەتەوە، هەندێکیان بەداخێکی زۆرمەوە لەمکاتەدا لەیەکتری زیزن، هەندێکیان زۆر نەخۆشن، بەڵام گەر باس لەو بزووتنەوەیە بکەین کە مێژوویەکە مامۆستایان لەناو قوتابخانەکانەوە کاری خۆیان کردووە، هەندێک کاتیش بە ڕەمزی کاریان کردووە، هەروەها لەژێر سێبەری ئیرهابدا کارکراوە و گۆڕانی وتراوە و تابلۆ هەڵواسراوە.

**هێرۆ عەزیز:** لەو ڕوانگەیەوە مامۆستا ئازاد شەوقی دەستبەرداری ئەم دوالیزمی ڕۆشنایی و سێبەرە نابێت، لەبەرئەوە دەستبەرداربوون لەوە نەناسینەوەی ڕەنگە ئەفسوناویەکانی خۆرە، هەمانشێوە ئەو نایەوێت دەستتێوەردانی ئەوی تر و ئامادەبوونی داوی دەمەتەقێ لەگەڵ بەرامبەردا بسەپێنێت و کەرنەڤاڵەکانی ڕەنگی لێ تێکبدات، ئەوەی مامۆستا ئازاد شەوقی دەربازکردووە لە گێڕانەوەی سادە و تۆمارکردن و دیکۆمێنتگەری هەستکردنی قوڵ و شاعیرانەی ئەوە بە سروشت و سەیرورەی سروشت، ئەو زیرەکانە بابەتی تابلۆکانی هەڵدەبژێرێت و پەنجەرە لەڕووی گۆشەنیگای خۆیدا دەکاتەوە، ئەم تەرزە مامەڵەیە زۆرجار لەکاتی بینینی تابلۆکانیدا هەندێکجار دەمانخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئێمە سەر و کارمان لەگەڵ جۆرە پانتاییەکدایە کە نزیکە لە ئەپستراککردنی ڕەنگەوە تا دەگاتە ئەوەی قەناعەت بەوە بهێنین سروشت نزیکە لە ئەپستراککردنی خۆیەوە.

**مامۆستا ئازاد** دەڵێت ئەپستراک لەلای من قۆناغێکە دوای ئەم قۆناغە کە ڕوانینی ترم هەیە،

ژیان بۆخۆی کۆمەڵێک گۆشەنیگایە منیش ڕوانینەکانم لەوەی کە لە سروشتەوە وەریدەگرم لەوەی کە دەیبەخشمە سروشت سەرچاوە دەگرێت.

**ئازاد شەوقی:** بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری دەگەڕێتەوە سەر ئەو شۆڕەسوارانەی کە خۆیان خۆیان پێگەیاندووە کە زۆرم پێخۆشە ناویان بهێنم حەسەن فەلاح، کۆمەڵێکی تر کە لە سابونکەران دوکانیان هەبوو پەیکەر و سیرامیکی بچووک بچووکیان دەکرد و دەیانفرۆشتەوە، بەشەکانی تری هونەر وەکو ئیشی دەست، لەم شارەوە تا دەگاتە هەورامان دەوڵەمەندترین ناوچەیە لە ئیشی دەستدا، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پێداگریی ئینسان بۆ ئەو کارانەی کە ئەنجامیانداوە، هەربۆیە ئێمە پێویستە ڕێز لەوانە بگرین و خۆم بە بچووکی ئەوانە بزانم، هەربۆیە دەبێت بڵێین کە هونەری شێوەکاری قەرزاری قوتابخانەکانە، بۆ ڕێزلێنان لەو مامۆستایانەی شاری سلێمانی لە بواری شێوەکاریدا کە پێویستە ناویان بهێنین (فوئاد ڕەشید، مەجید ڕەشید، قادر یەحیا بەگی بابان) هەندێک لەو مامۆستایانە بوو کە عاشقانە کاریان بۆ هونەری شێوەکاری کردووە، کە زۆربەی کارەکانیان بە چوارگۆشە (مربعات) دەکرد و ئیشی جوانی تێدا دەخوڵقا و هەندێکجاریش دەیانفرۆشت، بەڵام پیشانگەکان لە شاری سلێمانی زۆر کەم بوون، چونکە ئەوانە هاوی بوون، لەوانەیە لە کەرکوک زیاتر بووبێت لەو بوارەدا، ئەوەی مامۆستاکان لە قۆناغی سەرەتاییدا فێریان کردوون درێژپێدەر بوون بۆ قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی، یەکێک لەو هونەرمەندانە (بەدیع باباجان) کە یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی کە لە شاری سلێمانی ڕۆڵی هەبووە، لە سلێمانی کۆمەڵێک بەدەرکەوتن لە پیشانگەی کشتوکاڵ کە ساڵی ١٩٥٩ لە دواناوەندی سلێمانی کرایەوە، پیشانگەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک درێژەی هەبوو، بەشێکی پیشانگەکە تایبەت کرا بۆ ئەوانەی کە بەهرەمەندن، یەکەمین پیشانگەی تەسویری لە سلێمانی کرایەوە، یەکەمین پیشانگەی شێوەکاری لە سلێمانی لەوێوە دەستپێکردووە، لە قوتابخانەکان کراوەتەوە، وەکو چالاکییەکی قوتابخانە بووە، لە ساڵی ١٩٥٢دا من بۆیە دەڵێم زانیارییەکی تەواوم لەسەر سلێمانی نییە، چونکە من لە ساڵی ١٩٥٥ هاتوومەتە سلێمانی، من لەسەر میلاکی کەرکوک قبوڵکرام، یەکەمین کەس بووم کە چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکوک، تەنانەت لە بەشەکانی تری هونەریش کەسم لەگەڵدا نەبوو، بەڵام سلێمانی دەوڵەمەند بوو، مامۆستای نەمر ئازیز و هاوڕێم مامۆستا (خالید سەعید) یەکەمین دەورەی ئێمە بوو، هەولێر دەوڵەمەند بوو کاک سلێمان شاکر، موسڵ لە هەموومان دەوڵەمەندتر بوو، بادینان هەندێک لە ئاشورییەکان هاتبوون، کە هەرگیز لەیادم ناچێت، بە کۆمەڵێک جوانی و بەپێزەوە هاتبوون بۆ پەیمانگە، بەڵام ساڵانی یەکەم و دووەم بووە مەڵبەندێکی تێکرای باشووری کوردستان، بەڕاستی دەستیان خستە ملی یەکتری، بۆیە تائێستا ئەو دەورانەی ئێمە تا ساڵانی حەفتاکان مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئینسانی

باش، هەروەها ئینسانی سیاسی باشیان تێدا بوو لەناو خوێندکارەکاندا، لەناو خوێندکارە کوردەکاندا قوربانی زۆریاندا، لە دژی ڕژێم و لەدژی پەیماننامەی ١٩٣٠ و پەیماننامەی نوری سەعید.

**هێرۆ عەزیز:** ئەو سەرچاوانە زۆرن کە دەبنە چاورِوونی لەلای مامۆستا ئازاد شەوقی، گرینگترینی ئەو سەرچاوانە ئەو ڕۆشنا سیحرییەیە کە هونەرمەند لە خودی شتەکاندا پەی پێ دەبات و دەیدۆزێتەوە، لەوێوە دەتوانێت لە جوانییەکان و نهێنییەکانی جیهان و سروشت بدوێت، دواتریش بەرپۆشییە لە شیعر ئەو جوانییە سەرلەنوێ فۆرمۆلە دەکات، ئەو سەرچاوانە واتا ڕووناکی و خەونی ناوەوەی هونەرمەند و دۆزینەوەی پەیوەندییە سیحرییەکەی نێوان شتەکان، مامۆستا ئازاد شەوقی هانداوە وێنەی ئەو شتانە بکێشێت کە پەیوەستی ئینسانن، ئەمە جگەلەوەی بەهایەکی ئیستاتیکیانەی بەخیشوەتە ئەو شتانە، پێدەچێت ئازاد شەوقی هانمان بدات بپرسین، بایەخی گەڕانەوە چییە بۆ سروشت، بەچ گۆشەنیگایەک بگەڕێینەوە، گەڕانەوە بۆ سروشت شتێکی نوێ نییە و ڕێچکەیەکی هونەری نوێش نییە، سروشت هەر لەسەرەتاوە تائێستا یەکێک بووە لە گرنگترین بنەماکانی هونەر، هەڵبەت گرنگترین بنەماکانی ژیانیش بووە، بەڵام دەبێت لە دنیابینی و ڕێچکەکاری هونەریدا نوێگەری دەستنیشان بکەین، بە مانایەکی تر دەبێت لەوێوە بکەینە گواستنەوەی ئەو کەرەستە جوانیانەی هاوتای خەونەکانن.

**ئازاد شەوقی** توانیویێتی تابلۆکانی بەنەهجێکی شیعری بهێنێتە بەرهەم، واتا ئەو نەهاتووە شتەکان وەکو خۆی بگوێزێتەوە و ڕەسمیان بکات، واتا نەهاتووە شتەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو سەرلەنوێ بە سۆزێکی شیعری دروستیان دەکاتەوە هاندەری ئەمەش هاندەری بێ سنووری ئەوە بە ئیستاتیکای شتەکان، هەموو شتەکان.

مامۆستا ئازاد دەرچووی پەیمانگەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا ساڵی ١٩٥٥، لە دەورانی خوێندنی پەیمانگەدا خوێندکاری ژمارەیەک لە پێشەنگانی هونەری شێوەکاری عیراق بووە وەکو مامۆستایان (فایەق حەسەن، جەواد سەلیم، ئیسماعیل شێخلی) ڕۆڵی ئەو قۆناغەی پەیمانگە لەسەر مامۆستا ئازاد بەجۆرێکە کە بەردەوام وەکو زەمینەیەکی بە پیت بۆ چەکەرەکردنی بەهرە و بەخشینی داهێنەرانەی ئەو قۆناغە دەنرخێنێت، مامۆستا ئازاد شەوقی لە بیرەوەرییە هونەرییەکانیدا نووسیوێتی ناوم ئازاد مەحمود عەبدولقادر شەوقی لە ساڵی ١٩٣٣ لەدایکبووم، پەیمانگای هونەرەجوانەکانم لە بەغدا تەواوکردووە، خوێندنی سەرەتایم لە هەولێر و کەرکوک و دیوانیە تەواوکردووە، لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی لە کەرکوک، مامۆستا ڕەفیق ئەلعالی خوالێخۆشبێت کاری زۆری کردە سەر ڕێبازی هونەریم، ساڵی ١٩٥٣ قۆناغی ناوەندیشم تەواوکرد و لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە بەغدا

وەرگیرام، پێش ئەوەی بچمە پەیمانگە بە تاسەوە دەمڕوانییە بەرهەمی هونەرمەندانی کەرکوک بەتایبەت د.سینان سەعید، هەروەها هونەرمەندی شێوەکار مەحمود عوبەیدی پێشەوای بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری لە کەرکوک و بەرهەمە ئەدەبییەکانی چیرۆکنووس عەبدولسەمەد خانەقا و ڕەخنەگر عەبدولعەزیز خەناقا، لە ساڵانی خوێندنم لە پەیمانگە هونەرمەند و مامۆستام حەقلی شبلی دەورێکی باشی هەبووە لەسەر ڕێنماییکردنم، ساڵی (١٩٦٥) نێردرام بۆ (بەیروت) بۆ هاوبەشی بوون لە دەورەی (ئاداب و علوم) لە زانکۆی ئەمریکی. لەوێ لەکاتی دەورەکەدا پێشانگایەکم ئامادەکرد کە لەلایەن دکتۆر (حەبیب ئەلکورانی)یەوە کرایەوە، زۆر لایان پەسەندبوون، توانیم هونەری ڕەسەنی کوردی لە ڕووناکبیرانی ئەوێ بناسێنم.

من لە ژیانمدا دەرسی وێنەم لە هەموو قۆناغەکاندا وتۆتەوە هەر لە باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تا خانەی مامۆستایان، جگە لە دەورە هونەرییەکان.

لە ساڵی (١٩٦٩)وە تا ساڵی (١٩٧١) چوومە (سعودیە) و لەجێی مامۆستا (شاکر حسن أل سعید) بووم بە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان.

**لە پیشانگە تایبەتییەکانم**

١٩٦٥ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت.
١٩٧٢ دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا.
١٩٨٧ پیشانگەی ڕێزلێنانی یەکەم لە هۆڵی ڕەشید لە بەغدا.
١٩٨٩ سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی ڕوواق لە بەغدا.
١٩٩٠ چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی ڕوواق لە بەغدا.
١٩٩٠ پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر .
١٩٩٢ شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی .
١٩٩٣ پیشانگەی ڕێزلێنانی پەرلەمان بۆ کارە هونەرییەکانی لە هۆڵی میدیا.
١٩٥٩- ١٩٩٣ بەشداری زیاتر لە (٣٠) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، ئەڵمانیا، هەولێر).

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هیوای خۆشبەختی بۆ ئێوەی بینەرانی خۆشەویست ئومێدی تەمەندرێژیی و بەردەوامی بەخشی داهێنەرانەش بۆ مامۆستا ئازاد شەوقی، ئومێدەوارین لەم دیدارە ڕێزلێنانەی مامۆستا ئازاد شەوقیدا ئاورێکی کەممان لە تەمەنی ٤٥ ساڵی هونەری مامۆستا دابێتەوە و شیاوی ئەو ئەرکە بووبین تا دیدارێکی تر شاد و بەختەوەر بووبن و خواتان لەگەڵ.



ئازاد شەوقی
٢٠٠١

# سروشتی کوردستان و تابلۆکانی هونەرمەند

# ئازاد شەوقی

سازدانی: کاروان



سروشتی کوردستان خولیای ڕاستەقینە و هیوا و ئاواتی ژیانی هونەریی هونەرمەند (ئازاد شەوقی)یە. ڕەنگی تابلۆکانی هەر هەمووی ڕەنگە سەرسوڕهێنەرە جوان و ڕازاوەکانی سروشتی خواپێداوی کوردستانە. هەموو دەوروبەر و ڕەنگەکان و حەزی خودی تایبەتی خۆی کە ڕەنگی وەنەوشەییە لە سروشتی ئاسایی و خواکردی کوردستانەوە بەدی دەکات، هەرچی بیری هەیە بیری بەسەرهات و گۆڕانکاریی سروشتی کوردستانە.

کە لە ڕەنگی تابلۆکانی کاک ئازاد ورد دەبیتەوە و دەچیتە قوڵایی خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگی ئەم هونەرمەندەوە، هەست بە دوو مەسەلەی دیار و ئاشکرا دەکەیت، یەکەمیان زۆریی ڕەنگی وەنەوشەییە کە دەتوانم بڵێم تابلۆی نییە بێ ئەم ڕەنگە و بەشی زۆریشیان بەرگیان بەم ڕەنگە پۆشیوە، دووەمیان ئەوەیە کە لە هەموو تابلۆکاندا هەور دەوری تایبەتی خۆی هەیە و جۆرەها بەرگی ڕەنگاوڕەنگی بێ هاوتای کردۆتە بەری هەوردا.

**دەربارەی ئەم دوو دیاردەیە لە کاک ئازادمان پرسی و ئەویش دوای تۆزێ دۆشدامان و زەردەخەنە ناسک و بێ گەردەکەی وتی:** «بە ڕەنگی وەنەوشەیی و مۆر دڵم دەکرێتەوە، سروشتی کوردستان هەمووی لەو ڕەنگەدا دەبینم، هیچ شتێکی سروشتی کوردستان بێ ئەم ڕەنگە تەواو نابێ، لای من وایە و هەر لە منداڵییەوە ئەم مەسەلەیەم وا لا دروست بووە، لای من هەور، وەک لای خەڵکی نەکەوتۆتەوە، هەور لای من نیشانەی خێر و خۆشییە، بەرەکەتە، بارانە، ئاسمان بێ هەور هیچی تیا نییە، شینی کاڵە و هیچی تر، من لەهەوردا تابلۆی جوان جوانی دڵفرێن بەدی دەکەم، ئاسمانی بێ هەورم لا جوان نییە، ناشوکریش ناڵێم سروشتە بەهەشتئاساکەی کوردستان هەمیشە هەر هەوراوییە، (بەڵام ئەمەیان بە واتا و تێگەیشتنی خەڵکەکە بۆ هەور) نەک لە گۆشەنیگای منەوە کە سەد دەر سەد پێچەوانەیە».

**بەگشتی دەربارەی بیری تابلۆکانی و سروشتی کوردستان کاک ئازاد دەڵێت:** سروشتی کوردستانم لا بۆتە تابلۆیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ و هەموو تابلۆکانم لەو تابلۆ گەورەیەدا دەبینم و لەهەر گۆشەیەکەوە هەر شوێنێکی کوردستان ببینم، ئیتر لە بیر و خەیاڵمدا تۆمار دەبێ و خۆی دەبێتە تابلۆ، من تەنها ڕەنگەکان تێکەڵاو دەکەم و ئەیانخەمە سەر ئەو بیر و خەیاڵەی کە لام دروستبوون، ئەمەیە لە ئەنجامدا دەبێتە ئەم تابلۆیانەی کە دەیانبینن، من خۆم بە قەرزاری سروشتە خواکردەکەی کوردستان دەزانم، هونەری من کوڕی سروشتی کوردستانە، هەموو ئیلهامم لەوێوەیە، خوا ئاوەدانی کات و لە ئێمەی نەسێنێ، ئێمەش ئەگەر وەفادار و بە ئەمەک بین و هەوڵ بدەین هەر کەس لە بواری خۆیدا بە جیهانی بناسێنین، ئێستا من خەریکی ئەوەم.

**بۆ ئەم تابلۆ دڵفڕێن و بێ هاوتایانەی ئەمجارەی هونەرمەند پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار دەڵێت:**
کردگار نەخشی دروستکردن و سروشتیبوونی لە کوردستاندا کێشاوە، نموونەی هەموو دیاردە و دیمەن و بینین و بنیادێکی پیشانداوە، ڕەنگێکی زۆری نواندووە، دەنگێکی فرە جۆراوجۆری پژاندووە. پیاو وا دەزانێ کپە، بێ دەنگە، هێمنە، بەڵام لە ژێرەوە بزووتنەوەیە، ڕاپەڕینە، شۆڕشە. هەموو شتێک لەو مەڵبەندەدا سەربەستە، ئازادە، پڕ لە هیوا و ئامانجە.

دەستی ڕەنگینی ئازاد شەوقی لەگەڵ مێشکی داهێنەری ئەم هونەرەوە زیرەک و دووربینە توانیویێتی لە دیمەنی سروشتی ساکار گێتی پێکی ڕیالیستی ڕەنگاوڕەنگ دروستبکات، بوونێکی تازە لە بوونێکی کۆنەوە وەربگرێ و ڕەنگرێژی بکات. ئازاد شەوقی بەوە بووە بە هونەروەرێکی گەورە، چونکە لە بەهرەی خۆی لای نەداوە، خۆی دۆزیوەتەوە، بەرهەمەکانی لاپەڕەیەکی سڤیلیزاسیۆنی کورد دەخەنەڕوو، بەڵگەیەکی دیارن بۆ خاسیەتی تایبەتی نەتەوە.

**دەربارەی هونەرمەند ئازاد شەوقی مامۆستا جبرا ئیبراهیم جبراش دەڵێت:** شەوقی هونەرمەند، سروشت لە چاوی عەشقەوە دەبینێ، جوانی و شۆخ و شەنگی ئەو سروشتەمان بۆ دەردەخات، ئێمەش وا لێ دەکات وەکو خۆی عاشقی ئەم نیشتمانە جوانە بین.

ئازاد زۆر پشتئەستوورە و متمانەی زۆری بە فڵچە و ڕەنگەکانی هەیە و زۆر باش دەزانێ کە چۆن بۆیە و ڕەنگەکانی لە خزمەتی داهێنانەکەیدا بەکاربهێنێ، لەگەڵ تازەبوونەوەی خەیاڵیدا تابلۆکان تازە دەبنەوە، هەر شتێکی تازە ببینێ داهێنانێکی لەگەڵدا لەدایک دەبێت.

سەرچاوە: گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (٨)ی
ساڵی ١٩٩٢



ئازاد شەوقی
٢٠٠٢

# شانازییە بۆ من وێنەکێشی خاکی کوردستان بم

سازدانی : ئازاد عەبدولواحید



ئازاد مەحمود شەوقی هونەرمەندێکی شێوەکاری پێشەنگ و ناسراوی گەلەکەمانە. لە بنەماڵەیەکی هونەرییە، باوکی «مەحمود شەوقی» و هەموو براکانی لە بواری هونەری شێوەکاریدا کاریانکردووە. لە ساڵی ١٩٢٩ چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە. لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ەوە بەشداری لە بزووتنەوەی شێوەکاریی کوردیدا کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ سێ هونەرمەندی عیراقی لە شاری کەرکوک پیشانگەیەکی شێوەکاری هاوبەشیان کردووەتەوە کە (د.سینان سەعید، مەحمود عوبێدی، سدیق ئەحمەد) بوون. هونەرمەند ئازاد شەوقی یەکێکە لەوانەی لەگەڵ سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە عیراق، لە بەشی شێوەکاری، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە کەوتووەتە خوێندن و پەیمانگەی تەواوکردووە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٥ دا کە لە پەیمانگە دەرچوو، لە شاری سلێمانی خزمەتی هونەری تەشکیلی کوردی کردووە و ساڵانە چ بە پیشانگەی تایبەتی و چ لە پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندانی تری کورد بەشداری کردووە.

ئەم هونەرمەندە وەک مامۆستایەک ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هونەریی و پێگەیاندنی وەچەیەکی هونەریی ڕاپەڕیو، جگەلەوەی دەستپێشخەری کردووە لە دامەزراندنی مۆزەخانە و بێوچان هەوڵیداوە پەیمانگەیەکی هونەرە جوانەکان بۆ کورد بکرێتەوە، ئەوە بوو لە پێش ڕاپەڕین بە چەند ساڵێک ئەو ئاواتەی هاتەدی و لە شاری سلێمانیدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دامەزراو لەو پەیمانگەیەدا کۆمەڵێک لە قوتابیانی کورد لە بوارە جیاجیاکانی هونەری مۆسیقا... شانۆ... شێوەکاری پەروەردەکران. لەم دواییەدا چاومان پێیکەوت و لە دەمەتەقێیەکدا لەگەڵی کەوتینە لێدوان لە پرۆژە هونەرییەکانی.. هۆی وەستاندنی چالاکییەکانی خۆی و بیروڕای تایبەتی بەرامبەر بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان.

**ڕامان:** وەک هونەرمەندێکی کورد کە لەبواری هونەری شێوەکاریدا کار دەکەیت، باسی ئەو سەردەمەمان بۆ بکە کە تێیدا دەستت داوەتە کاری هونەری. ئەو هونەرمەندانەی پێش تۆ لە شاری سلێمانی، یان لە شاری کەرکوک کاریان کردووە کێ بوون؟ ئایا کاریگەرییان بەسەرتانەوە تا چ ئاستێک بووە؟

**ئازاد شەوقی:** من وەک موعەلیمێک و وەک ئینسانێک کە شانازی بە پیشەکەمەوە دەکەم، لەسەر بەشێک لە بەشەکانی جوانی ژیان و خۆشەویستی بە هەموو مانای وشەوە، وەک بچووکێک و خزمەتکارێک شەرەفی ئەوەم لە ماڵەوە بەرکەوت کە بتوانم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بوارە لە خۆمدا پەرەپێبدەم.

ئێمە لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارین، باوکم تەئسیرێکی باشی لەسەرم هەبوو، بەڵام من لە پێش چلەکانەوە و لە چلەکانیشدا (١٩٤٦–١٩٤٨) بە تەواوی خۆم بۆ بەشی شێوەکاری تەرخان نەکردبوو، بگرە ژیانی کۆمەڵایەتیم لە چەند ڕۆژنامەیەکی ناسراوی عیراقدا وەک (ئەلوەتەن) و (ئەساس) و هەندێکی تر کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دەردەچوون دەستپێدەکات، کە برای خۆشەویستم د.مارف خەزنەدار ئاگای لەو نووسینانەم هەیە و زیاتر ئەو تەشویقی دەکردم، چونکە ئەوکاتە ئەو لە بواری نووسیندا باڵادەستبوو، بەڵام هەموو ئینسانێک ڕێڕەوی ژیانی دەبێ بەخۆی دەستنیشانی بکات، ئەوە بوو هەلم بۆ ڕەخسا لە ساڵی ١٩٥٢ چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی بەیانیان، کە یەکەم پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە لە عیراق بەدەستپێشخەری هونەرمەندی گەورە مامۆستایان (فایەق حەسەن، حەقی شبلی) و نووسەری عیراقی (زەنوون ئەیوب) دامەزرا کە ئەم نووسەرە عەمیدی پەیمانگەکە بوو.

من قەرزاری مامۆستاکانی خۆمم کە ئەو بەهرەیەیان تێدا خوڵقاندم، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە پەیمانگەش ڕێخۆشکەربوو بۆ من، چونکە یەکەم کورد بووم لە لیوای کەرکوک لەو پەیمانگەیەدا وەرگیرام. پاشان هەندێ کوردی تر بوونە هاوبەشم، کە تائێستاش هەر لە ڕێڕەوی جوڵانەوەی شێوەکاری کوردیدا بەشدارن لەوانە هونەرمەند (سلێمان شاکر) و هونەرمەند (محەمەد عارف) کە پاشان هاتنە پەیمانگەوە، لە سلێمانیشدا تەنیا کەسێک هەر هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (خالید سەعید) بوو کە هاتە پەیمانگەوە.

من ناتوانم بڵێم پەیمانگە، یان ئەکادیمیا کارگەی دروستکردنی هونەرمەندن، دەبێ ئینسان خۆی ڕێڕەوی ژیانی خۆی دەستنیشان بکات، چونکە پەیمانگە و ئەکادیمیا تەنیا ڕێگەخۆشکەرێکن، جێگەی شانازییە بۆ من هونەرمەندی نەمر مامۆستا (جەواد سەلیم) و هونەرمەندان (فایەق حەسەن، عەتا سەبری) لە ساڵی دووەمیشدا هونەرمەند (ئیسماعیل شێخلی) مامۆستام بوون، کە ئێستا تەنیا هونەرمەند (ئیسماعیل شێخلی) ماوە، ئەو مامۆستایانە دۆستی دێرینی میللەتی کورد بوون، بۆیە ئێمە قەت لە بەغدا هەستمان بە غەریبی نەدەکرد، ئەوەندە مرۆڤ دۆستبوون زیاتر لە برا عەرەبەکان بایەخیان بە ئێمە دەدا، تەنانەت هانیان دەداین خوێندنی باڵا لە دەرەوەی عیراق تەواو بکەین، لە پاش تەواوکردنی پەیمانگەش بە نامە هەر هاندەرم بوون، بەڕاستی من ئەو کاتانەم هەرگیز لەبیرناچێتەوە.

**ڕامان:** ئێوە ساڵانێکی دووردرێژتان لە بواری هونەری شێوەکاری بەسەربردووە، لەپاش ئەو ئەزموونە ئێستا بیستوومانە جەنابتان مانتان لە وێنەکێشان گرتووە، حەزدەکەین باسی هۆی ئەم

مانگرتنه بکەیت؟

**ئازاد شەوقی:** ئەوە حەقیقەتە.. پرسی دەروونی بەشێکیان خەونن و نایەنەدی، من هاواردەکەم حزبە کوردستانییەکان وەک بچووکێک داواتان لێدەکەم کە دەبێ ئاشتی بەرپا بێ و ئازادی بە ڕۆشنبیران بدرێ، دەبێ ڕۆشنبیران و هونەرمەندان تەبابن، نەمامی خۆشەویستی لەم خاکەدا بچێنن، هەر ئەوەشە هەمووومان خەونی پێوە دەبینین. لە هەموو شوێنێکدا خەڵک خەبات دەکات ئازادی بچەسپێنێت، کوردیش حەز لەوە دەکات ئازادی و ئاشتی بەرپابن، ئەگەر چەکیشی هەڵگرتبێ، بۆ ئەوە بووە خاکی خۆی بپارێزێ و ئازادی بکات. میللەتی کورد میللەتێکی دڵپاکە، بەمەرحەبایەک زۆر شتی لەبیردەچێتەوە، جێگەی داخە میللەتی کورد تەبا نەبێ، حەیفە شەڕانی بێ، یان بکوژرێ.

**ڕامان:** پێتوایە مانگرتنەکەی جەنابت هیچ کاریگەرییەکی هەبووبێ و دەنگ و سەدایەکی وای هەبووبێ شایەنی باس بێت؟

**ئازاد شەوقی:** وا بزانم دەنگی حەقیقەت لەلای زۆر کەس ڕێزی خۆی هەیە، بەڵام چۆن ئەو دەنگە جێگەی خۆی دەکاتەوە بێگومان کات و کۆششی دەوێ. پەرلەمان ئەگەر بکەوێتەوە گەڕ لەوێ لیژنەی ڕۆشنبیری هەیە، ئەو کاتە حکومەت دەبێ دەستووری هەبێ و مافی ئازادی بە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بدات، لەپاڵ مندا کۆمەڵێک دەنگ هەن، کە هەمان بۆچوونی منیان هەیە، یان لەوانەیە پشتگیریم لێبکەن و بڵێن هەقتە براکوژی دەبێ ڕاوەستێ و پەرلەمان بکەوێتەوە گەڕ هەقە میللەتی کورد بناسرێ، کە میللەتی کورد بەڕێگەی ڕۆشنبیرییەوە دەناسرێ، کەچی ڕۆشنبیری و کلتووری ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژە بەشەڕەوە خەریکە، بە ژیانێکی ئاڵۆزەوە خەریکە، کە ئاشکرایە ئەمە چ زیانێکی گەورەی هەیە.

من ڕاستە ئێستا مانم گرتووە، بەڵام بەو هیوایەم بە هەوڵی خێرخوازان ئاشتی بچەسپێت، کە ئێستا مانم گرتووە خۆم بە نیمچە مردوویەک دەزانم، لە ساڵی ١٩٤٢ەوە من لە تابلۆکێشان نەوەستاوم، دێ بەدێ لە کوردستان گەڕاوم وێنەم کێشاوە، ئینشائەڵڵا ئەو شانازیەم پێدەبەخشرێ کە وێنەکێشی خاکی کوردستان بم.

**ڕامان:** جەنابتان کە لیژنەی ڕۆشنبیرانی بێلایەن بوون کۆششتان بۆ ئاشتی دەکرد، بەڵام لە پاشاندا لەگەڵ نووسەرێک دەستتان لەو لیژنەیە کێشایەوە دەکرێ بزانین هۆی چییە؟

**ئازاد شەوقی:** ئەم لیژنەیە بە ڕێکەوت دروستبوو، من ئینسانێکی بێلایەنم، هونەرمەندم، سیاسی نیم، وتیان هەندێ کەسی بێلایەن کە گوێیان لێ بگیرێ بێن و بخرێنە بەینی هەردوو لاوە،

لیژنەکەشیان ناونا لیژنەی ڕۆشنبیرانی بێلایەن. لیژنەکە لە ماوەیەکی کورتدا چالاکی زۆر بچووکی نیشاندا، بەڵام بەرنامەیەکمان دانا تا کۆبوونەوەی لەسەر بکرێت هەندێک لەو حزبانەی سەرپەرشتی ئەو لیژنەیەیان دەکرد، زۆر شتیان دەکرد بەشێک لە ئێمە هەر ئاگامان لێنەبوو، کە ئەویش زۆر لەسەر کەسانی بێلایەن دەوەستێ، بەداخەوە چالاکییەکانمان بە ئەنجام نەگەیشت، من ویستم وەک وێنەکێشێک دەورێکی گەورە ببینم لە جێگیرکردنی ئاشتی، چونکە نەک ئێستا، بگرە هەر لەساڵی (١٩٥٨)ەوە من لەگەڵ ڕێبازی ئاشتی عیراقدا وەک بێلایەنێک کاردەکەم، وشەی ئاشتیم زۆر لەلا جوانە، چونکە بەبێ ئاشتی هیچ شتێک نابێ نە ژیان نە ڕۆشنبیری نابێ، ئەگەر ڕۆشنبیری نەما تۆ ناتوانی لەگەڵ میللەتدا بدوێیت، چونکە هەر ئاشتییەکە شارستانییەت دروستدەکات و قەڵەم پەروەردە دەکات، بە ئاشتی ئینسان جوان دەبێ و خۆشەویستی زیاتر دەچەسپێ، بۆیە من هاوارم بردە بەر دۆستێکی ڕۆشنبیری خۆم کە زۆر بەتەنگ هەستی منەوەیە، بۆیە پێکەوە کە دەستمان لەو کارە کێشایەوە، چونکە بەرهەممان نەبوو و نەماندەتوانی هیچ بکەین.

**ڕامان:** ئێستا وەک هونەرمەندێک دوورەپەرێز دێنە بەرچاو، لەگەڵ کۆڕ و کۆبوونەوەی هونەرمەندان کەمتر تێکەڵاویت، ئایا هۆیەکەی شەخسییە، یان هەر لە سەرەتاوە وابوویت، یان بارودۆخێکی تایبەتی دروستیکردووە؟

**ئازاد شەوقی:** هونەرمەند ئەو کەسەیە کە مومکین نییە بتوانێ دوورەپەرێز بێ، ئێمە ناڵێین حزبەکانی کوردستان سەرپەرشتیی کولتوور و ڕۆشنبیری کورد نەکەن، بەداخەوە حزبەکان بەشێکی زۆری تەئسیراتی هونەرمەندانیان قۆستەوە، من دەڵێم لە سیاسەتدا سازشکردن هەیە، بەڵام هەرگیز لە ڕۆشنبیریدا موساوەمەکردن نییە، ئێستا ناتەبایی هەیە، کە هەر ئەو ناتەباییەیە ئێمە لەکار دوادەخات، لەکاتێکدا لە هونەر هەر ئیشەکە قسە دەکات، بەڵام تەئسیراتی حزبەکان کارێکی وایکرد کە ئێمە بخرێینە ناو ئەو گێژاوەوە، چونکە حزبەکان زۆربەی هونەرمەندەکانیان کڕی، مەسەلەکە لێرەدا هەر پارە نییە، لەوانەیە هەندێکیان بە عاتیفە ڕایانکێشابن. لەڕاستیدا ڕۆشنبیری دەنگێکە نابێ تەئسیری لێ بکرێ، ئەگەر حزبەکان بەخۆیاندا بچنەوە دەبێ زەمینە بۆ ڕۆشنبیران و هونەرمەندان خۆش بکەن و ئازادییان بدەنێ و هەلومەرجی گونجاویان بۆ برەخسێنن و کەرەستەیان بخەنە بەردەست، لێرەدا هەرچەندە بەرهەمەکە بۆ میللەتە، بەڵام شانازییەکە بۆ ئەو حزبە دەمێنێتەوە کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ هونەرمەند دەکات، لەو حاڵەتەشدا حزبەکان دەبێ لەسەر شتە جوانەکان و کارە چاکەکان مونافەسەی یەکتر بکەن.

**ڕامان:** حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەیتوانی حکومایەتی خۆی بکات، لە مەسەلەی پەرەپێدانی هونەر و ڕۆشنبیری؟

**ئازاد شەوقی:** دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە حزبایەتی وەک خەلەلێک چووە ناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە، لەبەرئەوە هەر بەڕێوەبەرێکی گشتی و هەر وەزیرێک بیری لەخۆی و لە دەوروبەر و تاقمەکەی خۆی دەکردەوە، لەبەرئەوەی جیهازی ڕاگەیاندن بڕیاری بەدەستە، بۆیە گلەییەکی زۆرم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کابینەی یەکەم هەیە، بەتایبەتیش کابینەی یەکەم کە دەیتوانی لەسەر بڕیاری وەزیر کۆمەڵێک یاسا و پڕۆژەی جوان بخاتە بەردەمی پەرلەمان، کە پەرلەمانیش پاش خوێندنەوەی پەسەندی دەکرد و وەزیر جێبەجێی دەکرد، بەڕاستی هیچ بڕیارێکیان دەرنەکرد خزمەتی هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسیی بکات.

**ڕامان:** بیروڕایەک هەیە دەڵێ هونەر بەتایبەتی و داهێنانی کوردی بە گشتی، لە پێش ڕاپەڕین چالاکتر بوو، وەک دوای ڕاپەڕین، تۆ هەست ناکەیت ئەو کەفوکوڵەی جاران نەمابێ، ئایە هۆیەکەی چییە؟

**ئازاد شەوقی:** پێش ڕاپەڕین دوژمن لەناومان دەژیا و موعاناتەکەمان زۆر قورس بوو، ئەوەندەی ئاگامان لێ بێت بەتایبەتی لە سلێمانی ڕۆشنبیران دەستیان خستبووە ملی یەکتر و هیچ کەلێنێکی وا گەورە نەبوو دوژمن کنەی تێدا بکات. دەبوو لە پاش ڕاپەڕین ئەو تەبایی و یەکگرتنە دووقات بوایە، بەڵام ئێستا هونەرمەندان بوونەتە گروپی جیاجیا. نەمانی یەکێتی فیکر و دۆستایەتی نێوان ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بۆ چارەسەری کێشەکان بەدی ناکرێ، چونکە هەندێ لەوانەی لاوازو هەلپەرستن، دووڕوو و پارە پەرەستن، ئەو مەراییکەرانە ئامادەن بچنە هەموو بوارێک، بەداخەوەش زەمینە بۆ ئەوانە خۆشکرا، هاتە سەر ئەوەی بڕیار بەدەستیش بن، ئەمەش بووەهۆی دابڕانی نێوان هونەرمەندان، کە پێشتر ئەوە زۆر کەم بوو، پێشتر هونەرمەندان خوا خوایان بوو پیشانگەیەک هەبێ و تێیدا سەرکەوتووبن، هەرچەندە دوژمنیش لەناویان بوون ئەوساکە پێکەوە دادەنیشتن ئێستاکە دوژمن ڕۆیشتووە گیروگرفت ئەوەیە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران دانوویان پێکەوە ناکوڵێ، ڕۆشنبیر جنێو بە یەکتری دەدەن، ئەوە لەکاتێکدا ڕۆشنبیر زمانی خۆی هەیە، زمانی برایەتی هەیە، بۆ دانانیشن بیروڕای ئازاد لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەمەش گەورەترین کارەساتە کە ڕۆشنبیران یەکتر نەدوێنن و یەکتریان خۆش نەوێ.

ڕۆشنبیران لایەنێکی کاریگەرن لە ژیانی میللەتدا وەک دەڵێن ئاوێنەی کۆمەڵن و بەداخەوە ئێمە لە ئاوێنەیەکی شکاودا خۆمان دەبینین، لەو حاڵەتەشدا ئینسان لە ئاوێنەی شکاودا شێواو دەردەکەوێ، کە دەتوانین ئاشتی و خۆشەویستی و ڕێزلێنان لە یەکتر بکەینە بنچینە، زمانی دەمەتەقێ پێڕەو بکەین، ئێمە زمانی حیوارمان نییە، بۆیە یەکتر ناناسین، کەچی جنێو بەیەکتر دەدەین.

**ڕامان:** وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون کە سەردانی پیشانگەکان دەکەیت، سەرنج و ڕەخنەت لەلا دروست دەبێ، بۆچی وەک هونەرمەندە عیراقییەکان (شاکر حەسەن ئال سەعید و نوری ڕاوی) هەوڵت نەداوە نووسینت لەو بوارەدا هەبێ؟ یان بۆچی بەشداربوونت لە بواری ڕەخنەی تەشکیلیدا نییە؟

**ئازاد شەوقی:** من وەک وێنەکێشێک، ناتوانم بڵێم وەک هونەرمەندێک چاوەڕێی ئەو پاداشتەم کە میللەت دەمداتێ، کە ئەو خەلاتەم هەڵگرت کە بڵێن تۆ هونەرمەندی، ئەوسا ئەو خەلاتە لە هەموو دانیشتنێکدا دەکەمە ملم و پیشانی میللەتەکەمی دەدەم، بەلام من وەک وێنەکێشێکی ئارەزوومەند تا ئەم لەحزەیە لە مەسەلەی ڕەخنە غافڵ نەبووم، هەرچەندە بواری ڕەخنە لە بەغدا زیاترە، لەبەرئەوەی گۆڤاری پسپۆڕیان هەیە کە چالاکانە بەرهەم بلاودەکەنەوە، من حەزدەکەم لە ولاتی خۆم لەسەر هونەرمەندەکان بدوێم، بەلام ڕۆژنامەکان زۆربەیان هی حزبەکانن، زۆرجار دەڵێن درێژ دەنووسیت، ئێ خۆ ڕەخنە (فاکس) نییە. بروسکە نییە، لەوانەیە بیروڕای خۆت نیشانی جەماوەر بدەیت، لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەک پڕ بکەیتەوە، نووسینی وەک وێنەکێشان نییە، تەجریدی بکەیت، یان بیکەیت بە سریالی، یان بە دوو فڵچە و ڕەنگ کۆتایی پێ بهێنی، هەرچەندە سریالییەت حەقیقەتێکی گەورەیە و هونەرێکی بەرزە کە بڕوام پێیەتی، یان تەجرید کە هونەرێکی بەرزە، بەلام نەک بۆ ئێرە کە زۆر کەس دەیکەن، بۆیە بوارت نادەن ڕەخنە بنووسی.

من زۆر جار لە هونەرمەندان ڕووم تێدەکەن و دەڵێن حەز دەکەین بیروڕات بزانین، منیش زۆرجار حەزدەکەم لەسەر هەندێ پیشانگە بنووسم، بەلام بوار نییە.

**ڕامان:** وەک پرۆژەی نووسین دەتوانی ئەو نووسینانە لە دوو توێی کتێب بلاوبکەیتەوە؟

**ئازاد شەوقی:** من لە ساڵی ١٩٤٢وە ئەرشیفم هەیە لەسەر هونەری تەشکیلی کورد، کۆمەڵێ مامۆستا خۆم بە قەرزاریان دەزانم، لەوانە مامۆستا (گۆران)ی شاعیر کە لە هەولێر دراوسێم بوو، ئەو کاتە دەستی لەکار کێشابووەوە.

**ڕامان:** ئێوە لەگەڵ (١٠) هونەرمەندی تردا سەردانی پاریس-تان کرد، نیاز لە سەفەرەکە

ئەوە بوو هونەری  کوردی بەدەرەوەی کوردستان بناسێنن؟ بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک توانیوتانە بەو تابلۆیانە هونەری کوردی بناسێنن؟

**ئازاد شەوقی:** کە باسی چوونە پاریس دەکرێ وەزعم تێکدەچێ، من پاریس–م نەدی، ٨–٩ ڕۆژێک لەوێ بووین، من (لۆڤەر)م نەدی، تا ببم بە حاجی هونەر، واتە بچمە پاریس و (لۆڤەر) نەبینم بەواتا هیچم نەدیووە، کە ڕۆیشتین کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال و کاک جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمان قسەی جوانیان بۆ کردین، پێیانوتین ئێوە دەچنە دەرەوە، دەبنە باڵیۆزێک بۆ گەلەکەتان، دەبێ لە خەڵک بگەیەنن ئێمە کێین، ئەوە بوو هەردوو بەڕێز یارمەتییان داین.

من دەڵێم خۆزگە نەچوومایە بۆ پاریس، بەڕاستی ناتوانم لە پاریس بدوێم، من دەڵێم (٨) کەس بووین، بەڵام خۆزیا (١٠٠) کەس دەبووین، چونکە زۆر هونەرمەندی بەتوانا بێ بەشبوون من بە ئامادەبوونی بەڕێز (کەندالٚ) سەرۆکی ئینستیوتی کورد لە پاریس لە بنکەی مافی مرۆڤ وتەیەکی ئاراستەی خاتوو (دانیال میتەران) کرد، لەوێ وتم ئێمە بەشێکی زۆر بچووکین لە خێزانێکی گەورەی ڕۆشنبیری میللەتی کورد، بەرێکەوت ئێمە هاتین و داوەتی ئێوە بووین، وتیشم کۆمەڵێکی زۆر گەورەتر بەجێماون، خۆزگە ڕێگەیان بۆ دەکرایەوە، کە ئەمانەش لە هەموو بوارەکانی هونەر و نووسیندان، تا بتوانن کەلتووری کورد بە پاریس بناسێنن.

**ڕامان:** جگە لە بواری هونەری، پرۆژەی ترت هەیە بۆ خزمەتکردنی میللەتی کورد، وەک پرۆژەی کوردۆلۆژی، هەروەها پێشنیارت کردبوو بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی کۆکردنەوەی سامان و کولتووری هونەری کوردی، ئایا ئەو پرۆژانە گەیشتووەتە کوێ؟ ئایا هیچ حزبێکی دەسەڵاتدار بە پیر ئەو پرۆژانەوە هاتووە؟

**ئازاد شەوقی:** دەڵێن ئەگەر ئینسان لە بواری پسپۆڕی خۆی کاری نەکرد ئەوە هەڵەیە، من دوو ساڵە وێنە ناکێشم، بەڵام ئاوڕم لە نووسین داوەتەوە، ئەوانەی خەونن دەبنە حەقیقەت، لە ڕاستیدا پرۆژەکە یەکەمجار بەناوی کوردۆلۆژییەوە نەبوو، پێشتر من پرۆژەکەم پێشکەشی پەرلەمان و حکومەت کرد، بەشێک لە ڕۆشنبیران تا ئەم لەحزەیە وەڵامیان نییە، من دوو پرۆژەم هەیە هیوادارم بەزووترین کات وەڵام وەربگرمەوە، هیچ بەرژەوەندی منی تێدا نییە، بەرژەوەندی میللەتە، چونکە پرۆژەی دووەمم کردنەوەی کۆلێجی هونەرە جوانەکانە لە زانکۆکانی کوردستانە.

**ڕامان:** وەک خاوەن ئەزموونێک لە بواری هونەر، چ خۆتان، چ خەڵکێکی تر ئایا هەوڵی ئەوەتان داوە کە ئەو ئەرشیفە کۆبکەنەوە؟

**ئازاد شەوقی:** وەک ئارەزوویەک لە چلەکانەوە زۆر شتم لەلای خۆم نووسیوە و کۆکردووەتەوە، ئەگەر بشێ بڵاوبکرێتەوە دەبێ دەزگایەکی گەورە یارمەتیی لە چاپدانی بدات، من ئەرشیفێکی دەوڵەمەندم هەیە، بەڵام هیچ لایەنێک یارمەتی نەداوم، تەنیا حزبی شیوعی کوردستان نەبێ کە پرۆژەی فیلمێکی وەسائیقی لەسەر ژیانم بەرهەمهێناوە، کە ئەوەش تائێستا جێبەجێ نەکراوە، بەهەرحاڵ سوپاسیان دەکەم.

**ڕامان:** جگە لە بواری هونەری شێوەکاری، دەستپێشخەریتان لە بواری تردا هەیە: وەک پرۆژە پێشکەشتانکردووە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی کولتووری کوردی هەبێ، تا چ ڕادەیەک بەدەنگتانەوە هاتوون؟

**ئازاد شەوقی:** من کە ئێستا کار ناکەم، ناشتوانم بێ ئیش دابنیشم، بۆیە لە مێژە ئەو پرۆژەیەم لەلایە، بەشێکیم لە بواری وەزیفدا ئەنجام داوە، لە بواری دامەزراندنی یەکەم مۆزەخانەی جلوبەرگی کوردی عیراقی و نەتەوایەتی، لەڕێی پەیمانگەی هونەرەوە گەیاندمە جیهان، کە لەنێوان دەوڵەتاندا دەبەستراو وەزارەتی مەعاریفی ئەو کاتە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری من جلی کوردیم بۆ هەموو دنیا ناردووە، خەڵکی دەرەوەش هەمان شێوە بۆیان ناردووم، لەڕێی وەزارەتی دەرەوە و مەعاریف بەدەستم دەگەیشت، لە ساڵی ١٩٦٩ کە دیسان ئەو کاتە شەڕ بوو، کوردستانم بەجێهێشت و چووم بۆ سعودیە لەوێ بووم بە مامۆستای هونەرە جوانەکان، لەجێی مامۆستا (شاکر حەسەن ئال سەعید) کە هاتمەوە ئەو مۆزەخانەیە نەمابوو، جگەلەوە هەوڵمدا وەک مامۆستایەک کە باوەڕم پێیەتی، برەو بە ڕۆژنامەی قوتابخانەکان بدەم.

سەرچاوە: ژمارە (٥)ی (گفتوگۆ) کتێبی گوڵان ساڵی ١٩٩٧
بە بۆنەی ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە بڵاوکراوەتەوە.



ئازاد شەوقی
١٩٩٥

## بەرنامەی لوحة وفنان

**ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (فریال حسێن)**

**وێنەگرتنی: (جەبار غەریب- وەلید کازم)**

**دەرهێنانی: (ئیبراهیم فەرحان ئیبراهیم)**

**ساڵ: ١٩٨٧ تەلەفزیۆنی بەغدا**



**هونەرمەند ئازاد شەوقی گەر بمانەوێت پۆلێنی بکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ پاش هونەرمەندە پێشەنگەکان دێت و یەکێکە لە هونەرمەندە یەکەمینەکانی کورد کە خوێندکاری مامۆستا گەورەکانی وەکو (فایەق حەسەن، ئیسماعیل شێخلی، فەرەج عەبۆ، عەتا سەبری، جواد سەلیمی)ی ڕەحمەتی بووە.**

**هونەرمەند ئازاد شەوقی دیپلۆمی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا ساڵی ١٩٥٥ بەدەستهێناوە، لە هاوڕێکانی (نوری ڕاوی، کازم حەیدەر، ئیسماعیل فەتاح، میران سەعدی).**

**هاوڕێیانی ئازیز: هونەرمەند ئازاد شەوقی خەڵکی شاری سلێمانییە و ماوەیەکی زۆرە نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، ئەم پیشەنگایەی ئێستای لە هۆڵی ڕواق کراوەتەوە، هەلێکە بۆ ناسینی ئەم هونەرمەندە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەبێدەنگی مایەوە، کە نزیکەی ٣٠ ساڵی خایاند.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی هونەرمەند ئازاد شەوقی دەکەم بۆ بەشداریکردنی لە بەرنامەکەماندا، دەمەوێت کۆمێنتی خۆتم پێ بڵێیت لەبارەی ئەو وتانەی دەسپێکەکەم؟**

– زۆر سوپاس، بەشێوەیەکی ئاسایی من زۆر بەکەمی ئیش دەکەم، بەڵام زۆر گرنگی بە کوالێتی دەدەم و دەگەڕێم بەدوای کەشێکی گونجاودا بۆ نمایشکردنی کارەکانم، پێموایە ئەم کارەی ئێستام و ئەزموونی کاری ساڵی ڕابردووم وایکرد چاوم بکەوێت بە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی هاوپیشەم لە بەغدا، ئەم پیشانگەیە بکەمەوە کە ٤٢ تابلۆ لەخۆدەگرێت. ئەمەش پیشانگەی سێیەممە.

**ئەی پیشانگەی دووەمت کەی بوو؟**

– پیشانگەی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٣ بوو، پیشانگە نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و هاوپیشەکانم بوون لە بەغدا، من لەدەرەوەی بەغدا بووم کە بیستم لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەغدا پیشانگەیەک هەیە کە هونەرمەند (محەمەد عارف) ڕێکیخستبوو، بەڵام پیشانگەکەی کە خەڵاتکرام تیایدا، ئەوە لەلایەن هونەرمەندی هاوڕێم (ئیسماعیل شێخلی)ەوە بانگهێشتکرابووم، کە بە دەستپێشخەری لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە خەڵاتکرام، پیشانگەکەش لە هۆڵی ڕەشید بوو.

**کاک ئازاد من دەڵێم، ئەمە پیشانگەی چوارەمە نەک سێیەم؟ لەبەرئەوەی لە شەستەکاندا (١٩٦٥) لە بەیروت پیشانگەیەک هەبوو، تۆ نەچوویت بۆ پیشانگەکە تۆ چوویت بۆ بەشداریکردن لە خولێک لە زانکۆی زانست و ویژەکانی ئەمریکی لە بەیروت؟**

– بەڵێ خولێک بوو لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، کاتێک کە زانیان نیگارکێشم کۆمەڵێک ماتریاڵی هونەریی و کاغەزی باشیان بۆ ناردم، هەستم کرد کە پێویستە شتێک پێشکەش بکەم لەکارەکانم، بۆیە پیشانگەکەم کردەوە لە زانکۆی ئەمریکی، ئەوەش پیشانگەی چوارەمم بوو، چونکە سێ پیشانگەکەی تر لە بەغدا بوو.

**کەواتە ئەمە پیشانگەی چوارەمتە؟**

– من دەڵێم سێیەمم، چونکە سیانەکەی دیکە لە بەغدا بوو، ئەوەی دیکە لە دەرەوەی وڵات بوو لە بەیروت.

**بیستم کە تۆ لە خانەوادەیەکی هونەریت، باوکت وێنەی کاریکاتێر دەکێشێت، یەکێک لە براکانت (برا گەورەکەت) نیگارکێشە، ئایا کاریگەری خانەوادەکەت چی بوو لەسەرت لەو کاتەدا؟**

– باوکم هەندێکجار وێنەی کاریکاتۆری دەکێشا، منیش کە خوێندکاری سەرەتایی بووم وێنەکانمم پیشاندەدا کە لە دەفتەری وێنەکێشان وێنەم دەکێشا، ئەویش بەرێز و بایەخەوە دەیروانییە وێنەکانم، بەڵام نەک هەر براکانم، بەڵکو خوشکەکانیشم کاریگەر ببوون بەمن، هەموویان مامۆستای پەروەردەی هونەری بوون لە خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا.

**تۆ لە ساڵی ١٩٥٥ پەیمانگای هونەرەجوانەکانت تەواوکرد، خوێندکاری هونەرمەندان (فایەق حەسەن، ئیسماعیل شێخلی، فەرەج عەبۆ، جەواد سەلیم) بوویت، بەڵام تۆ بەوان کاریگەر نەبوویت، بەڵکو تەنها کاریگەر بوویت بە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (حەقی شبلی)؟**

– لەبەرئەوەی کێشەیەکی گەورەم هەبوو هونەرمەند (حەقی شبلی) وەک ڕێبەرێک و هونەرمەندێکی گەورەی شانۆکار بوو کە زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر هەموو لایەنەکانی هونەرە جوانەکان لە عیراق و پسپۆری تایبەت بوو لە بواری چالاکی قوتابخانەکان کە خۆی بەڕێوەبەری گشتی بوو، بۆیە کێشەکەم لەگەڵ خانەوادەکەم بوو لە پەنجاکاندا، کاتێک چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، باوکم پێی ناخۆش بوو، وتی من نامەوێت ببیتە نیگارکێش، من حەزم لە نیگارکێشان هەیە، بەڵام نامەوێت تۆ ببیت بە نیگارکێش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەدا پەسەند ناکرێت، بواری دیکە هەیە لە ژیاندا تۆ دەتوانیت هەڵیانبژێریت.

یاخیبووم لە ڕەتکردنەوەی باوکم بۆیە ئەوانیش بۆ ماوەی چوار مانگ ئەو پارەیەیان بڕی کە بۆیان دەناردم بۆیە کاریگەری مەعنەوی گەورەی مامۆستا (حەقی شبلی) هەبوو، خۆی و هاوڕێکانی کە توانیان قەناعەت بە باوکم بکەن کە وتیان ئەو پەیمانگەیە شوێنێکی بەڕێزە و ئازادیش دەیەوێت

ئەویش تەواو بکات و دەبێت بە مامۆستایەکی باش و وانە دەڵێتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە خانەوادەکەم تێگەیەنرابوون کە پاش تەواوکردنی پەیمانگە دانامەزرێم.

**سەبارەت بە دامەزراندنت، لە سلێمانی دامەزرایت کەچی تۆ دەتویست لە دیوانیە دابمەزرێیت، هۆکارەکەی چی بوو؟**

– هەمووی بەهۆی سۆز و خۆشەویستیم بۆ خەڵکی دڵسۆز و هاورێ باشەکانم لەو شوێنە وەک مامۆستا گەورەکان کە بنەمای ئەوە بوون من هەڵگری ناوکی کاری هونەریی بم، دیوانیە شتی زۆری پێبەخشیم، مامۆستاکانم هەمیشە هانیان دەدام بە بەردەوامی کارەکانیان نمایش بکەم، نەک تەنها لەبواری شێوەکاری، بەڵکو لە بواری شانۆش کارم دەکرد، بۆ یەکەمجار کاری نواندنم کرد لەسەر شانۆ لە دیوانیە ئەویش شانۆی پیسکە بوو، لە یادمە مامۆستا (سامی عەبدولحەمید) کە ئێستا نەقیبی هونەرمەندانە، ئەوکاتە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بوو ئەویش کاری مۆنتاژی بۆ شانۆگەریەکە کرد.

**ئایا تەنها کاری دیکۆرت کرد بۆ شانۆگەریەکە یاخود نواندان بوو؟**

– تەنها نواندن بوو، هەروەها دیوانیە هەلی خوێندنەوەی بۆ ڕەخساندم کە تائێستا بەردەوامە لەگەڵمدا، دەخوێنمەوە، وێنە دەکێشم، لەدیوانیە زۆر دەمخوێندەوە، ڕەنگە هەندێک لە برادەران پێیان سەیر بێت کە بڵێم کە نەهجی بەلاغەم دەخوێندەوە، وەک وەفایەک بۆ مامۆستاکانم و بۆ ئەو بەها جوانانەی ئەو کاتە حەزمکرد بۆ ماوەیەک خزمەت لە دیوانیە بکەم.

**باست لەوەکرد کە بایەخت دەدا بە شانۆ و گرنگیت دەدا بەهەندێک کاری دیکە ئەویش دامەزراندنی مۆزەخانەیەکی پۆشاکی فۆلکلۆری کوردی، عیراقی، عەرەبی و جیهانی لە شاری سلێمانی؟**

– بەڵی مۆزەخانەی پۆشاکی فۆلکلۆری کوردی، عیراقی و عەرەبی و جیهانی لە سلێمانی.

**ئەمە ساڵی چەند بوو؟**

– لە سەرەتای شەستەکان تا ١٩٧٣، دوایی ڕۆشتم بۆ سعودیە.

**سعودییە یەکەم وڵات بوو کە بنکەی ئامرازی ڕوونکردنەوەی بیستن و بینینی دامەزراند؟**

– بەڵی لە ساڵی ١٩٥٧– ١٩٥٨ ئامرازەکانی چالاکی قوتابخانەکان نەک تەنها لە ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە ئەو کاتە لە بەغدا نەبوو، بۆ زۆر لە وێنەکانی منداڵەکانم نارد بۆ ئەڵمانیا لە پێشبرکێکانی

نێودەوڵەتی منداڵاندا بەشداری بکات، هەندێک لەو منداڵانە خەڵات و بڕوانامەیان بۆ هاتەوە کە هەندێکیان لە قۆناغی سەرەتایی، ئامادەیی و پەیمانگا بوون.

**کۆمەڵێک نیگارکێش دەرکەوتن لەوانەی تۆ وانەت پێ وتوونەتەوە لە سەرەتایی یاخود لە پەیمانگا؟**

– هەندێ کەس دەرکەوتن کە من وانەم پێوتوون و ئێستا هەڵگری مەشخڵن بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگەی نەوەی ئێستا، وەک عەلی جۆڵا و ڕاگری ئێستای ئەکادیمیا، هونەرمەند حیکمەت هندی کە ئێستا مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان. هەندێکیان سەفەریان کرد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕیی.

**مامۆستا ئازاد سەبارەت بە گرنگیدان بە منداڵ و ئاراستەکردنی، گەر بێتو منداڵێک بەهرەی هەبوو ئایا گرنگە منداڵەکە فێربکەین یان ئاراستەی بکەین؟**

– ئاراستکردنی منداڵ و دروستکردنی کەشێکی جوان و گونجاو تاوەکو هەست بکات کە نزیکی دەکەیتەوە لەو کەشە، مامۆستا لە باخچەی ساوایان پێویستە هەموو شێوازێکی زانستی بەکاربهێنێت بۆ نزیککردنەوەی منداڵ لە کەشێکی جوان و خۆش پاشان لێی نزیک دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی بکات تاوەکو بە ئازادی و بە عەفەویەتەوە نیگاربکێشێ، یەک شت هەیە کە جەختی لێدەکەمەوە بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە منداڵ بەهای دەستەکانی بزانێت، دەست زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ، لەبەرئەوەی تەکنیکێکی وردی تیایە کە لە ئەندامەکانی تری لەشدا نییە، بەدەستی نان دەخوات و پێیدەنووسێ و کاری پێدەکات، کە منداڵ گرنگی دەستی زانی پارێزگاریش دەکات.

**کاک ئازاد باست لە گرنگی دەست کرد بەتایبەتی بۆ هونەرمەند، من لە سەرەتای هاتنم بۆ پیشەنگاکە پرسیارم لێکردی لەسەر بەکارهێنانی ئامراز وتت فڵچەکە نییە، بەڵکو دەسکی فڵچەکەیە یاخود شانەی داری ژنانە؟**

– بێگومان ئەوە تەکنیکی کاری هونەرییە، گرنگی دەست لە زیندووکردنەوەی شتە باوەکان کارێکی بێزارکەرانەیە، من ماوەی ٣٠–٤٠ ساڵە فڵچە ئەگرم بەدەستمەوە، هەوڵمدا ڕێگەیەکی تر بگرمەبەر لە کاروانی کاری هونەریمدا، بینیم کە تەختە جۆرێک لە جوڵە دەبەخشێ کە بەفڵچە ناتوانم ئەو جوڵەیە بکەم، واتە ئازادی دەبەخشێ لە جوڵەدا هەر وەک چۆن باسی ٢–٣ لە تابلۆکانمت کرد کە شانەی تیایە، چونکە جوڵەی ئاسانە کە دەیگرم بەدەستمەوە وەک فڵچە دەیجوڵێنم لەسەر پەڕەکە بۆیە ئەو شتانەم دەداتێ کە لە خەیاڵمدایە و ئێوەش بینیتان.

**له پیشه‌نگاکه‌ی پێشووتدا ئه‌م ڕێگه‌یه‌ت به‌کارنه‌هێنا؟**

– ته‌ختەم به‌کارهێنا، به‌ڵام شانه نا، ته‌خته‌ی ده‌سکی فڵچه‌که‌یه ته‌جاوزی کرد و بوو به شانه‌ی ته‌خته‌ی ژنان.

**مامۆستا عه‌تا سه‌بری باسی له ڕه‌نگ کرد که تۆ به‌کاریده‌هێنیت، وتی قوتابخانه‌ی ڕه‌نگ یان ئازادیات؟**

– شتێکی جوانه که هونه‌رمه‌ندی گه‌وره‌ی کۆچکردوو عه‌تا سه‌بری وای پێده‌وتم، که کاره‌کانم نمایش ده‌کرد بۆ مامۆستا عه‌تا پێیده‌وتم چیت هه‌یه له ئازادیات، پێمخۆشبوو که وای پێده‌وتم، پێده‌چێ به‌کارهێنانی ڕه‌نگه‌کانمی به‌دڵ بووبێ و جێگه‌ی مشتومڕ بوو له‌لایه‌ن مامۆستاکانمه‌وه.

**تۆ لایه‌نگری ڕه‌نگێکی دیاریکراو ناکه‌یت، هه‌ندێکجار هه‌موو ڕه‌نگه‌کان له تابلۆیه‌کدا هه‌یه؟**

– وایه تابلۆکانم هه‌موو ڕه‌نگه‌کانی تیایه و بینه‌ر ده‌توانێت هه‌موو تۆنه‌کان ببینێت که بریتیه له هێڵه‌کان له هه‌موو ڕه‌نگێکدا.

**ماده‌ی پۆسته‌رت به‌کارهێناوه نه‌ک زه‌یت ته‌نها له تابلۆیه‌ک یان دوو تابلۆدا؟**

– وایه ته‌نانه‌ت هه‌ندێ له هاوڕێیانم پێیانوتم کوا تابلۆکانت به‌زه‌یت، به‌کارهێنانی زه‌یت ڕامده‌کێشێ بۆ ئه‌وه‌ی بووه‌ستم له شوێنێکی دیاریکراودا و ده‌بێت کۆمباسه‌که ڕاکێشم و جێگیری بکه‌م، به‌ڵام ته‌ندروستیم یارمه‌تیم نادات له به‌کارهێنانی زه‌یت له کاره‌کانمدا، به‌ڵام چاوه‌ڕێی هه‌لێکی باشم ڕه‌نگه له هاویندا بتوانم ئه‌زموونێکی دیکه به‌کارهێنانی زه‌یت نیشان بده‌م.

**ئه‌مه‌ش نزیکه له زه‌یته‌وه، پێموابێت مرۆڤ ده‌توانێت تێبینی مه‌ودای له یه‌کچوونی ته‌زاریس ساخ و داخه‌کان بکات، ماده‌که ئه‌ستووری ده‌داتێ؟**

– ئه‌ستووری کاره‌کان ئه‌وه نییه که تابلۆکه پڕڕه‌نگ بکه‌م به‌زیت من کارێک ده‌که‌م له‌گه‌ڵ تابلۆکه هه‌ندێکجار ئینفیعال ده‌که‌م له‌گه‌ڵ تابلۆکه‌دا، وه‌ک ئه‌وه‌ی بمه‌وێت بنیادی بنێم به ڕه‌نگ، ئه‌مه‌ش له پیشه‌نگاکه‌دا هه‌یه، به‌ڵام سه‌رکه‌وتوو بووم ته‌نها له‌یه‌ک شتدا ئه‌ویش ئه‌وه‌یه بنیادی پۆسته‌ری پاش ماوه‌یه‌ک ڕه‌نگه پارچه‌ی لێبکه‌وێته خواره‌وه، بۆیه من بۆ ئه‌م مه‌به‌سته وابیرملێکرده‌وه گه‌ر بێتو پارچه‌ی لێبکه‌وێته خواره‌وه ئه‌وا تابلۆکه جوانتر و قه‌شه‌نگتر ده‌بێت به‌تایبه‌تی گه‌ر به‌ر شتێکی ڕه‌ق بکه‌وێت و دانانی له شوێنێکی باشدا یان له‌چوارچێوه بگیرێت ئه‌ستووریه‌که‌ی. سه‌باره‌ت به ڕه‌نگ من شانازی ده‌که‌م به‌وه‌ی ڕه‌نگه‌کان جۆرێک له شه‌فافیه‌ت و بریقه‌ی تیادایه، من ده‌زانم

چۆن ڕەنگ دادەنێم تاوەکو ڕەهەند بدەم بە تابلۆکە بۆیە توانیم سەربکەوم لە دانانی لەمسەیەکی پۆستەری لەسەر تابلۆکانم کە تامی زەیت دەدات.

ئەم تابلۆیە بۆ من نموونەی بەهایەکی هونەریی ئەستووری تابلۆکەیە، لە ئەنجامی هەندێ لەو چالاکیانەی کە دەیبینم، من جوانی ئەو تەلارسازی خانوانەی پێنجوێن دەبینم، جوانەکەی جۆرێک لە بنیادنانی پێدام، کە هەست دەکەم من فڵچە یان تەختەم نییە، بەڵکو سەدەها خانوو، تەنانەت هەندێکجار پەنجە گەورە بەکاردەهێنم بۆ تەواوکردنی تابلۆکە، ئەمە نموونەیەکە لەو نموونانەی پێش ئێستا باسمانکرد.

**کاک ئازاد سەبارەت بە پیشەنگاکەی تیایدا خەڵات کرا لە ساڵی ڕابردوو ١٩٨٧ زۆر کاری تیادابوو کە پلانی بۆدارێژرابوو، زۆر کار هەبوو کە تەختیت بوو، بەڵام لەپێشنەگایەدا تەنها تابلۆیەک یان دوانە، ئایا گرنگی تەختیت چییە بۆ تابلۆ؟**

– من پێموابێ تەختیت شتێکی گرنگە بۆ هونەرمەند لە ئەکادیمیا و پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکاندا وانەیەکی تایبەت هەبوو بە تەختیت، سەبارەت بە بواری تەختیتی هونەریی کە باس لە بابەتێکی زۆر گرنگ دەکات ئەویش بابەتی هونەری تەلارسازی کەلەپور، ساڵی ڕابردوو لە پیشانگەیەکدا لە بەغدا پیشاندرا، کەرخ نموونە بوو لە سلێمانی، نموونە لە قەڵای کەرکوک. ئەمساڵ دوو نموونەم هەڵبژارد بۆ کارکردن بە حبری چینی بۆ ناوچەی پێنجوێن، لەو شوێنانەی کە زۆرم خۆشدەوێت بەتایبەتی (شناشیل) خانووە کۆنەکان کە بە وردی و سەلیقە بنیادنراوە پاشان پلیکانەی بەشێوەیەکی جوان بۆ کراوە، دوایی هاتوومەتە سەر قەڵای کۆنی هەولێر، ئەوەی ئێستا نا پێش سیانەکردنی، ئەم تابلۆیەی لێرەدایە نموونەی تەختیتی ڕەنگاوڕەنگ دەبەخشێ و تەختیتی تەلارسازی بۆ قەڵای کۆنی هەولێر بەهۆی بەها کۆنەکەی و وردەکاریە کۆنەکانیەوە.

**تابلۆیەکی دیکە هەیە ناوت نا ڕاوەماسی، هەروەها ساڵی ڕابردووش تابلۆیەکت هەبوو بۆ کەشتیەکەی نوح ئەوەش بەهەمان شێوە پلانی تیابوو؟**

– خاتوونی بەڕێز، من هەموو ساڵێک مۆڵەتم هەیە بۆ خەیاڵم، واتە چتنسێک دەدەم بە خەیاڵ بۆ ئەوەی شتێک پێشکەش بکەم لەدایکبووی خەیاڵ بێت، بواری خەیاڵ کە لە مرۆڤدا فراوانە، ساڵی ڕابردوو وێنەی تابلۆی کەشتیەکەی نوحم کێشا، ئەمساڵ بیرم لە ڕاو و بەهای ڕاو لە ژیانی مرۆڤدا کردەوە، ڕاوچی کاتێک تۆڕەکەی فڕێ دەداتە ئاوەکەوە بۆ ئەوەی نێچیرەکەی دەستبکەوێت بینی جۆرێک لە ئازاری تیایە کە ئاژەڵ دەناڵێنێت پێوەی، گەورەکان بچووکەکان دەخۆن، هەموو جیهانی دەریا، بۆیە تابلۆیەکی تراژیدیم نەمر کرد و ناوم نا موچڕکەی ماسی.

**کاک ئازاد تۆ هەمیشە هەوڵ دەدەیت کەرەستەی خاو بەکاربهێنیت، ڕەنگی دیاریکراوی لێدەربهێنیت، بیستوومە کە جۆرێک لە گژوگیات بەکارهێناوە؟**

– بەڵێ کەمجار، گیایەکە پێیدەڵێن ڕۆیناس لە ڕاستیدا گوندنشینان ئەم گیایە بەکاردەهێنن بۆ ڕەنگکردنی سوفی سەرین و جێگەکانیان، هەندێ لە کچانیش بەکاری دەهێنن بۆ ڕەنگکردنی قژیان، کە ڕەنگێکی جوان دەبەخشێتە قژەکە وەک، وەنەوشە، شینێکی سورباو، وەکو گیای خەنە وایە، من بەزۆری بەکارم نەهێناوە، بەڵکو بەدەگمەن لە هەندێ شوێندا بەکارمهێناوە، کە نیمە تاوەکو بەهایەکی ڕەنگاڵەیی ببەخشمە تابلۆکە، تابلۆی دیکەم هەیە کە لە سووچێکی تابلۆکەدا، من دەترسم کە نەتوانم سەرکەوتووبم لە بەکارهێنانی ئەو گیایە لەسەر کاغەز، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی لەسەر سوف سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەروەها لە ڕەنگکردنی قژدا زۆر قەشەنگە، بەڵام ئەزموونی ئەوەم نییە لەسەر کاغەز بەکارمهێنابێت، بۆیە من بەکەمی بەکاری دەهێنم تاوەکو بزانم ئەنجامەکەی لەسەر کاغەز چییە و بزانم تاچەند سەرکەوتوو بووم یاخود شکستم هێناوە لەبەکارهێنانیدا، لەگەڵ تێکەڵکردنی تۆزێ خوێ لەگەڵیدا.

**چۆن بەکاردەهێنرێت؟**

لەگەڵ خوێ، کۆی دەکەمەوە لەگەڵ ڕەنگەکانی دیکە کە هەمە – بۆیە لەوانەیە ڕەنگێکی جیاوازتر ببەخشێت.

**سەرەتا داوام لێکردیت کە تابلۆ تایبەتەکەت هەڵبژێریت، بەڵام تۆ وتت من تابلۆی تایبەتم نییە، بەڵام تەکنیکێکی جیاواز هەیە لە یەکێک لە تابلۆکاندا؟**

– ڕەخنەی بنیادنەرانەی ئەوان پاڵنەرێکە بۆ خۆشویستنی کارەکانم و بەرزنرخاندنیان، بۆیە مافی خۆیانە هەرچیەک بڵێن من قەرزای ئەوانم، بەڵام تەکنیکێکم بەکارهێناوە لەو تابلۆیەدا لەبەرئەوەی ڕەنگی فەیروزیم بەم شێوەیە بەکارهێناوە، زۆر کەس ڕەنگی فەیروزی بەکاردەهێنێت نەک تەنها ئازاد، پێموابێ ئەم تابلۆیە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە جوانی دەرکەوتووە.

**ئەمەش بەهۆی تەمی کازیوەوە؟**

– بەڵێ بابەتی کازیوەم هەبوو لە گوندی هێرۆ، کە گوندێکی گەشتیاری جوان و قەشەنگە و نزیکە لە شاری قەڵادزێوە، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەسام تاوەکو نیگاربکێشم.. ئەو مامۆستایانەی ئەو کات لەگەڵمدا بوون، سات و ڕەنگی جوانم بینی، ڕەنگی سیلڤەر، شین، فەیروزی، فەیروزی هەتاو کە تیشکەکەی بڵاودەکاتەوە بەسەر گردەکەی نزیک گوندەکە (گردەکەی لای خۆمان ناڵێت) ئیتر ئەم

تابلۆیە لەدایکبوو، کازیوەم بینی، بە بۆچوونی بینەرانی تابلۆکە جیاواز دەرچوو بە ڕەنگەکانیەوە.

**تۆناتی ڕەنگی فەیروزی تیادایە. لەگەڵ بەکارهێنانێکی کەمی ڕەنگی سوور کە تۆ بوێرانە بەکاری دەهێنیت لە تابلۆکانتدا؟**

– ڕاستە، سەبارەت بە من هەندێ شت دەمترسێنێت، بەڵام تەنها شت کە دەمترسێنێت ڕەنگە، چونکە یاریکردن بە ڕەنگ وەک گەمەی میوزیسیان وایە لەگەڵ گیتارەکەیدا ـ یاخود چۆن عاشق گەمە لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکات. ڕەنگ لای من ئەو بەهایانەیە کە خۆشەویستیم پێدەبەخشێ، ئارامیم پێدەبەخشێ هەندێکجاریش تووڕەم دەکات، هەندێکجاری تر شەڕی لەگەڵ دەکەم، بەڵام شەڕی خۆشەویستی تا دەگەمە قۆناغی ڕەزامەندبوون، واتە ئەو کاتەی ڕەنگ ڕەزامەندی پێدەبەخشێ، گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم و گفتوگۆم لەگەڵ دەکات، ئایا لە شوێنی خۆیدایە لەو زاویەیەی کە من بەداوایدا دەچم، ئایا ڕەنگەکان هێمنن، جوان و چالاکن، هەندێکجار دەڵێم بەڵێ و هەندێکجار دەڵێم نەخێر، لێرەدا دووبارە و سێ بارە دەگەڕێمەوە بۆی تا وابکەم وێنەکە جوان و قەشەنگ بێت.

**من سەیری تەماشاکارانی پێشەنگاکەتم کرد، زۆربەیان ئەو پرسیارە دەکەن، ئایا ئەم ڕەنگانە لە سروشتدا هەیە؟ منیش هەمان پرسیارت ئاراستەدەکەم؟**

– بێگومان نەخێر، من سروشت ناودەنێم دایک، قوتابخانە، ژیان، دایک نەوەیەک پەروەردە دەکات و مەزنی خۆشی هەیە وەکو ژنێک، سروشت ناوبنێم ژیان کە وادەکات مرۆڤ چۆن فێرببێت ڕەفتار بکات لە ژیاندا، گەر ژیان نەبوایە سروشتیش نەدەبوو، مرۆڤ لەسەر زەوی نەبێت نابێت لەدایک، بۆیە سروشت هات تا من وێنای بکێشم، لێی وەرگرم و بیدەمێ ژیان دانوستاندنە.

سەبارەت بە پرسیارکردنت دەربارەی ڕەنگەکان، ڕەنگەکان هەیە، بەڵام هونەرمەند لە سروشتی وەردەگرێت و دەیداتەوە بە شروشت.

سوپاس کاک ئازاد

سوپاس بینەرانی ئازیز و تا دیدارێکی دیکە ئینشائەڵڵا



ئازاد شەوقی
٢٠٠١

# سەرنجە تایبەتییەکان



### سیزان لە عیراق

(خولە ئیبراهیم) لە ژمارە (٦٣٨٦)ی ڕۆژنامەی (الجمهوریە)ی ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٨٧ سەبارەت بەو پیشانگە ڕێزلێنانەی لە هۆڵی (ڕەشید)ی شاری بەغدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکارییەوە بۆی سازکراوە و پیشانگەکە (١٠) ڕۆژ بەردەوام بوو دەڵێت (ئەم کارانە کۆمەڵێکی زۆرن لە تابلۆ ئینتباعییە جوانەکان کە بەشێوەیەک لە شێوەکان سیزان–ت بیردەخاتەوە کە هەموو دنیای بە تابلۆکانییەوە سەرقاڵکرد، لە کوێوە ئەو توانایە، یاخود ئەو بەراوردە دێت؟ ئەو هێزە لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە)، لەبەشێکی تری نووسینەکەدا (خولە ئیبراهیم) دەڵێت (بەڵام هەموو هونەرمەندێک دیدی تایبەتی هەیە و هێزێکی تایبەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە واتاو بیرۆکەکان و کارپێکردنیان پێکەوە، هەروەها سەیر نییە، یاخود زیادەڕۆیی نییە کە بە پیشانگەکە بوترێت سیزان لە عیراق)ە.

### قەرزارباری سروشتم

لە ژمارە (٨٨٥)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢ دیدارێک لەگەڵ مامۆستا (ئازاد شەوقی) سازکراوە و دیدارەکە لەلایەن (زکریات محەمەد حەسەن)ەوە ئەنجامدراوە و لەدیدارەکەدا ئازاد شەوقی دەڵێت (من قەرزارباری هەتاوم، هەتاو ژیان و گەرمی و ئەو ڕەنگە جوان و شیرینانەی پێبەخشیوم کە لەناو تابلۆکانمدا دەیانبینیت، من لە وێنەکێشە واقیعییەکانم، لەهەموو دەرگا هونەرییەکان دەدەم و حەزیش لە ئینتباعی دەکەم، بەڵام وەکو قوتابخانەیەکی هونەری سەر بەو نیم، من خولیای سروشت بووم بەهەموو واتا قوڵەکانییەوە، حەز لەهەموو ڕەنگەکان دەکەم وایان لەگەڵدا مامەڵە دەکەم وەکو دڵدار مامەڵە لەگەڵ یارەکەیدا بکات).

لە دەفتەری پیشانگەی ساڵی ١٩٨٧دا مامۆستا (مستەفا ساڵح کەریم) نووسیوێتی (مەگەر بە شیعرەکانی گۆراندا هەندێ شوێنەواری کوردستانمان بناسینەوە، وا ئەمجارەش دەڵێم: تابلۆکانی کاک ئازاد ئەو سەرچاوە گەشانەن کە گوند و دێهاتەکانی کوردستانی پێ دەبینین، هێرۆ، کانی وەتمان، تەوێڵە، بیارە، پێنجوین، عەسکەر، ئاخجەلەر، هتد..... ئەم شوێنانە هەرگیز لەیاد ناچن و لەم تابلۆیانەشدا بە نەمری دەمێنێتەوە).

(سەعد هادی) لە ژمارە (٢٤٤٦)ی ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ی ڕۆژنامەی (القادسیە)دا بابەتێکی نووسیووە بەناوی (ئازاد شەوقی.. خوێندکاری ڕووناکی)ەو تێیدا دەڵێت: «تایبەتمەندییەکانی ئازاد شەوقی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، لەوانە جەختکردنەوە لە پێکهاتەی بیناسازی لەناو تابلۆکانیدا و وەرگرتنی ئەو هێڵ و پانتاییە ڕەنگییە ستوونیانە بێت کە هۆکارێکن بۆ دەبرین، جەختکردنەوە لە ڕەنگە گەرمەکان و ڕیزبەندکردنیان بەپێی ڕەنگەکان، ئەم تایبەتمەندییانەی کە پێکەوە کۆبوونەتەوە ئەوە نیشان دەدات کە بەرهەمی هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونە کە بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ نێوەندە هونەرییەکاندا هەیە، هەروەها کارەکانی کاری شوێنن و مرۆڤ تیایدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی ونە».

مامۆستا (جەمیل ڕۆژبەیانی) لە دەفتەری پیشانگەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٨٧ کردوویەتییەوە نووسیویّتی (چوومە پیشانگای نیگارەکانی هونەرمەند ئازاد شەوقی، کە کوڕی مەحمود شەوقی کۆنە هەڤاڵ و کۆنە هاوبیر و خاوەنی مێشکێکی هونەرمەندانە بوو، دەبێ کوڕ نیشانەی باوکی پێوەبێ، لەلاوییەوە هیوام بە ئازاد هەبووە، من کە هونەرمەند نیم دەزانم چ سۆزێکی دەروونی و چ بیرێکی نیشتمانی ئەم خەیاڵانەی هێناوەتە بەرهەم و کردوونی بە گیانێکی زیندوو، چەندین وێرانەی هێناوەتە یاد و چەندین کلاوی بابردووی خستۆتەوە سەر ڕووی کوردستان، ئافەرین ئازاد، بەرەو پێشتر بڕۆن بۆ خزمەتی هونەری نیشتمانیی).

لەجێی مامت
م.جەمیل ڕۆژبەیانی
١٩٨٧/٣/٢٣

**ئەحمەد دڵزار**

گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٠٣) لاپەڕە (٢٠٦-٢٠٧)ی ساڵی ٢٠٠٥

ئازاد شەوقی هونەرمەندێکی گەورەی دەسترەنگین بوو لە هونەرمەندە پێشەنگەکان بوو بە هەموو مانای وشە ئینسان بوو، هەڵگری هەست و خەیاڵێکی داهێنەرانەی چەسپاو بوو، سروشتی کوردستانە جوانە بەهەشتئاساکەمان زۆر لە تابلۆکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە سەیریان دەکەم هەستێکی وەک سروەی بەیانیانی کوردستان پاک و فێنک و شادی بەخش هەموو هەست و نەستم دادەگرێ.

## سلێمان شاکیر

ساڵی (١٩٩٦) لە گەلەری ئەربیلا نمایشێکی سلاید بۆ کارەکانی مامۆستا (ئازاد شەوقی) کراو تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە شێوەکاران و خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر ئامادەی ببوون، لەم نمایشەدا مامۆستا (سلێمان شاکیر) بەمشێوەیە سەبارەت بە (ئازاد شەوقی) دوا.

من و مامۆستا ئازاد بۆ ماوەی ٤٣ ساڵێک هاورێ بووین، مامۆستا ئازاد هێندەی بەرزی قەلأت هونەرمەندێکی بەرزە، کاتێک لە ساڵی ١٩٥٣ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی بەیانیان کرایەوە، ئێمە چەند هونەرخوازێک بووین لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک وەکو کۆمەڵێک لاوی کورد چووین بۆ بەشداریکردن لەو پەیمانگەیەدا وەرگیراین، لە هەولێر من و برایەکی عەزیزی ترمان بەناوی (ئیدوەر ولیم)ە کە ئێستا لە بەغدا دەژی کە برادەران بنامەڵەی ئەو هونەرمەندە دەناسن، لە سلێمانی کاکە ئازاد و خوالێخۆشبوو کاکە خالید سەعید و کۆمەڵێکی تر لەوێ وەرگیران.

من حەزدەکەم باس لەو ئیحساسە هونەرییە بکەم کە لەلای کاک ئازاد کە تازە لەوێ دروستببوو، هەرچەندە هونەری کوردی پچرانێکی بەخۆوە بینیبوو لەدوای هونەرمەندی ناودار (دانیال قەساب) کە لە ساڵانی سی و چلەکان لە هەولێر رۆڵێکی زۆر باڵای هەبوو، بەڵام بە نەمانی دانیال قەساب بزووتنەوەی هونەری کزییەکی بەخۆوە بینی، ئەو کزییە مایەوە، هەرچەندە تەلەبەکانی ئەو لێرە مانەوە کە رۆڵێکی گەورەیان هەبوو بۆ پێگەیاندنی هونەرمەند کە ئەمرۆ لە هەولێر دەیانبینین، بەڵام ماوەیەک کزی جوڵەی هونەری هەبوو، بەڵام لەدوای دەرچوونی ئەو خوێندکارانە لە پەیمانگە ئەوانە بوونە کۆڵەکەی بزووتنەوەی هونەریی، کاتێک باس لە هونەر دەکەم مەبەستم هونەری شێوەکارییە و بەتایبەت نیگارکێشانە، کاک ئازاد نموونەی دڵسۆزی بوو لەناو قوتابیانی داخلی، دەمانبینی رەنگ و فڵچە وەشاندنی ئەو لەهەمووماں جیاوازتر بوو، ئەو رەنگە پاک و ئەو رەنگە بێگەردانەی کە بەکاریدەهێنا هەندێکجار لەوانەبوو کە دووربێت لەلایەنە ئەکادیمییەکە، لەوانە بوو کە هەندێکمان بڵێین ئەوە لە رێبازە ئەکادیمییەکە چۆتە دەرەوە، بەڵام هێندە چێژی لێ وەردەگیرا، ئەوەندە بەرهەمێکی پر جوانی و خۆشی بوو، تەنانەت مامۆستاکانیشی پشتگیریان دەکرد و هانیان دەدا کە ئەو رێبازەی خۆی تەرک نەکات، کاک ئازاد برادەری مامۆستاکانیشمان بوو، مامۆستاکانی ئێمە لەو کاتەدا چوار مامۆستا بوون کە کەڵە هونەرمەندەکانی عیراق بوون، خوا تەمەنی درێژبکات تەنها (ئیسماعیل شێخلی) ماوە، بەڵام (فایەق حەسەن، عەتا سەبری، جەواد سەلیم) ئەوانە وەفاتیان کردووە، ئێمە لە پشووەکاندا کە دەگەراینەوە لەنێوان کاک ئازاد و مامۆستاکاندا پەیوەندیان هەبوو نامەیان بۆ دەنارد، بەدرێژایی ئەو سێ مانگەی تاکو دەگەراینەوە، کاک ئازاد ساڵی ١٩٥٥ پەیمانگەی تەواوکرد، بەڵام لەدوورەوە نەوەستا، بەڵکو دڵسۆزانە هەوڵی دەدا کە چۆن هونەرمەند پێبگەیەنێت، بەڵکو ژمارەیەک لە رۆڵەکانی ئەمرۆ بەرهەمی کاک

ئازادن، ئەو ڕێگەی هونەری پیشانداون و ئەنجام هونەرمەندی بەرز و جوانیان لێ پەیدابووە، گەر لەئێستادا بڕوانینە تابلۆکانی کاک ئازاد ئەوا ئەو ڕەنگانەی کە من باسمکرد کە جێگەی شانازی و دڵخۆشی بوون لە زەمانی تەلەبایەتی، ئێستا لەهەمانکاتدا تابلۆکانی جێگەی دڵخۆشی و جێگەی هەستراکێشان و بزواندنی هەموو بینەرێکە، لەهەر شوێنێک پیشانگەی کردبێتەوە گەر لە بەغدا، یان هەولێر، لە سلێمانی ئەو ئینتیباعەی بە بینەران نیشانداوە، کە ئێوەش دەتوانن لەڕێگای ئەو سلایدانەوە کە بەشێکن لە سلایدەکانی کاک ئازاد کە ژمارەیان ١٠٠ سلایدە کە دەیبینن ئەو کاتە دەڵێن خۆزگە ٣٠٠ سلاید بوایە، چونکە تابلۆکانی ئەوەندە جوان و بەپێزە، هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن کاک ئازاد شێوازی ئینتباعی وەرگرتووە، یان هەندێکجار تەعبیرییە، یاخود هەنێکجار تێکەڵە، بەڵام بەڕای من تائێستا ڕێبازی هونەری کوردی دروست نەبووە، بەڕای من کاک ئازاد لە ڕێبازی خۆی لای نەداوە، ئەوە سەرەتای ڕێبازێکە گەر هونەرمەندانی دوارۆژ گەر ئەو ڕێبازە پەیرەوبکەن من لەو بڕوایەدام وردە وردە ڕێبازێکی تایبەت بە میللەتی کورد دروست دەبێت، چونکە سروشتی میللەتی کورد تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕەنگ، لە ژینگە، ئەو ڕەنگی ژینگە و عادات و تەقالید و ئەو جلوبەرگ و کلتوورەی میللەتی کورد، خۆشەویستی ئەو ڕەنگانە هەمووی لە تابلۆکانی کاک ئازاد دەبینم و ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە دەڵێم بەڕای من شێوازی کاک ئازاد شێوازی ئازادییە، نەک شێوازی تەعبیرییە، بەڵکو زۆر سەرکەوتووانە تابلۆکانی توخمی هونەری تێدا بەیدی دەکرێت، ئەو توخمانە کە پێویستە لە تابلۆدا لەنگ نەبێت، دەبێت هاوسەنگی تێدا بێت، دەبێت پەیوەندییەکی تێدا بێت، هەروەها پەیوەندی ڕەنگەکانی لەگەڵ یەکتری پتەوبێت، ئەوانە و زۆری تر لەناو تابلۆکانی کاک ئازاد بەدیدەکرێت.



گەلەری ئەربێلا/ هەولێر
١٩٩٦

### تەلەفزیۆنی ئازادی

١٩٩٦ پیشانگەی تایبەت لە شاری هەولێر

ئازاد شەوقی واتا زەماوەندی ڕەنگ و تەعبیر لە سروشتی  جوانی کوردستان، جوانی ئەو سروشتە لەدیدی هونەرمەند ئازاد شەوقی لەو پیشانگەیەی ڕەنگی داوەتەوە، ئازاد شەوقی بەدرێژایی تەمەنی هێما و جوڵە و چالاکی  هونەری و دەربرین و بەرهەمهێنانی شاکاری ئاوا کە هەردەم دەستی بۆ درێژ بکرێت، کە سەیری بەرهەمەکانی ئازاد شەوقی دەکەین هەردەم زیندوویێتی و ژیانی تێدایە، هەردەم جوانی سروشتی کوردستانی تێدایە، ئازاد شەوقی لەسەر بنەمایەکی هونەری زۆر بەرز و زۆر چەسپاو هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێش دەڕوات، لەم پیشانگەیەش ئیسپاتی دەکات کە هونەرمەندێکی بە توانایە، چاو و بینینێکی زۆر گەنجانەی هەیە، هەردەم شایانی ئەوەیە، باس لەکارەکانی بکرێت.

زۆر بەباشی ڕەنگیش لە سروشتدا فەلسەفەی ئیستاتیکای خۆی هەیە.. بەشێکی زۆر بچووک لەم فەلسەفە قوڵە لەم پیشانگەیەی مامۆستا ئازادا ڕەنگی ڕشتووە.. ڕاستە پیشانگەکە جەنگەڵێکی چڕ لە ڕەنگ و لە شەبەنگ.. بەهەشتێکی خەواڵووی ونە و مەگەر هەر چاوی گەشی هونەرمەند دەرکی پێ بکات، بەڵام خۆزیا! سەد خۆزیا ئەم ڕەنگە دانسقانە لەسەر بنەمای فەلسەفە و (وەعی)ێکی شموولی بووەستایە و ڕەنگ ئیقاعی داپچڕاوی ئەم چاخە جەنجاڵە و ئەم سەردەمە ناهەموارەی بنواندایە.. خۆزیا!

پیرۆزە، بەڵام! ملیۆن ملیۆن ڕەنگی شاراوەش هێشتا لە باوەشی گەرمی سروشتدا خەوتووە و نەدۆزراوەتەوە.. هێشتا ئاواتەخوازین چاوی مامۆستا قوڵتر و گەشتر و وردتر بنوێنێ..! نیازخوازین لە پیشانگەیەکی تردا لە بەرهەمی تردا، ئەم لایەنانە چارەسەرکرابێت!

پیرۆزە و سەوزبێ قامکی ئازادی هونەرمەند و مامۆستا، قوڵتر و قوڵتر بنوێنێ بیر و لێکدانەوە و (رویا)ی مامۆستا.. وردەکارانەتریش بێت پەڕەمووچی ئاڵووالای مامۆستا.

براتان
مەحمود زامدار

### له دەفتەری پیشانگەی ١٨-٣-١٩٨٩ لە شاری هەولێر

پیشاندان و نەخشەکێشانێکی ئەندازیاری دیمەنە جۆراوجۆرەکانی سروشتی کوردستان خۆی لە خۆیدا خۆبەستنەوە بە خاک دەگەیەنێ کە ئەم لەخۆ دانەبڕانە بە مانا شمولییەکەی لێرەداو لەم پیشانگەیە مامۆستا ئازاد شەوقی ئاوا دەبینم وەکو عاشقێکی خاک و سروشتی ڕەنگینی کوردستان ئەمە مایەی خۆشبەختی و جێگای شانازییە بۆ مامۆستا.

کەریم سۆفی
١٩٨٩/٣/٢٥

ئەوەی ڕوو لە پیشانگەی شێوەکار ئازاد شەوقی دەکات یەکسەر و هەست دەکات لە پەرستگایەکی ڕەنگیندایە و بەشداری کەرنەڤاڵی ڕەنگە هەمیشە لەدایکبووەکان و تۆنی تۆنەکان دەکات.

عەبدوڵڵا سەراج
١٩٩٣/٦/٦

هەر کە یەکەمجار پێی حەسرەتم نایە هۆڵەکە هەستم بە شادمانییەکی سیحرئامێز کرد و لە نوکی پێ تا تەوقی سەر موچرکەی خۆشی بە دەروون و جەستەمدا هات، ئەمە سێیەمین جارە پیشانگەی ئەم هونەرمەندە داهێنەرە دەبینم ڕۆحی ڕەنگ و سروشت و خاک لە کارەکانیدا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ، گەلێ لەمێژە چاوەڕێی پیشانگەیەکی ئاوا سەرکەوتوو بووم، هەر کە لە تابلۆکان بوومەوە هەستمکرد لە سەفەرێکی بەهەشت گەڕاومەتەوە، سروشت و ڕەنگ چەند لام جوان و ڕەنگین بوون، هێندەی تر خۆشەویست بوون، چاوی زەرەبینئاسای هونەرمەند (ئازاد شەوقی) فێری وردبینی و قوڵبوونەوە و ڕامانی کردم، فێری هەڵبژاردنی ڕەنگ و بینینی سروشتی کردم کە بە چاوی جاران سەیری نەکەم، بەڵکو بەچاوێکی ئەفسوناوی هونەرمەندانەوە لێی ڕامێنم.

ڕێدار سابیر محەمەد
١٩٩٣/٥/٩

تۆ سروشت دێنیت و جوانتر و ڕازاوەتر دەیخەیتە ناو چوار دیوارەکانمانەوە تا هەردەم لەبەر چاومان بێ و دڵمان پێ بکرێتەوە و خەمی جەنجاڵییەکەی ژیانمان پێ بڕەوێنێتەوە کە بەوە تۆ ئەرکە پیرۆزەکەی هونەرمەند بەشێوەی تایبەتی خۆت بەدی دێنیت.

پیرۆزبێت لەو گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونە کە تابلۆکانی ئەم پیشانگەیە جیاوازیان لەگەڵ پیشانگەکانی تردا لە ڕووی هونەرییەوە زۆرە، لەماندا سروشتت لە نەخشەکێشانە ئەکادیمییەکە بەرەو هونەرکارانەتر بردووە.

پیرۆزبێ و پیرۆزبێ

حسێن عارف
١٩٩٣/٦/١١

# دیداری ئازادی شەوقی لە ساڵی ١٩٩٣

**بەرنامەی (دیدار) یەکێک بووە لەو بەرنامە هونەریانەی کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی پەخش دەکرا و هەر جارەی دیداری لەگەڵ یەکێک لە هونەرمەندەکان سازدەکرد لەنێو ئەو بەرنامەیەدا دیدارێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستا (ئازاد شەوقی) لە ساڵی ١٩٩٢ سازکراوە، مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) پرسیارەکانی ئاڕاستەی مامۆستا ئازاد کردووە لەناو ماڵەکەی خۆیدا کە ئەمە پوختەی دیدارەکەیە.**



**مامۆستا بە چییەوە سەرقاڵیت؟**

- هێڵکارییەکم هەیە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵگەیەکی منداڵان کە بەرەو خۆشی دەڕۆن، هێڵکارییەکی تەعبیری واقیعییە کە ئێستا دەمەوێت ئەنجامی بدەم.

**مەوادی بەکارهاتوو چییە لە کارەکانتدا؟**

- ئاوی، ئەکریلیک، پۆستەر، چونکە زەیتی باشم دەست ناکەوێت، ئەگەر هەشبێت ئەوە زەیتێکی زۆر باش نییە، چونکە ئەو جوانییەی کە هەیەتی پاش ماوەیەک نامێنێت، واتا مەوادێکی تیجارییە.

**ئەمە ستۆدیۆکەتە کە کارەکانتی تێدا ئەنجام دەدەیت؟**

- من ستۆدیۆم نییە، بەڵکو لە گۆشەیەکی ناو ماڵەکەمدا کارەکانم ئەنجام دەدەم، هەروەها زۆر حەزدەکەم بە دانیشتنانەوە کارەکانم بکەم و کەمتر هەست بە ماندووبوون دەکەم، تەنانەت ئەزموونی مێز و کورسیم هەبووە لە ئیشی نیگارکێشاندا سەرکەوتوو نەبووم لە جۆری ئیشکردنەکەدا، هەربۆیە دانیشتن لەسەر زەوی و کارکردنم پێخۆشترە، تەنانەت لەسەر سێپا حەزناکەم، چونکە ناتوانم زۆر بە پێوە بمێنمەوە و پیریش بووم، هەروەها تەمەننا دەکەم کە ماندوو نەبم، تەمەننا دەکەم بەرهەمم ببینرێت، هەروەها تەمەننا دەکەم چاوەکانم کز نەبێت تا بتوانم ئەو حەزە بچووکەی کۆمەڵگەی وڵاتەکەم و بتوانم بە کارەکانم ئەو قەرزەی بدەمەوە، بەکار، بەکاری پەسەندکراو.

**کاک ئازاد حەز ناکەم بڵێی پیربووم، چونکە هەر کەسێک کە سەیری تابلۆکانت دەکات هەست بە ژیانبوون دەکات تێیدا، هەروەها دڵ و دەروونی تێدا دەبینرێت، هەر کەسێک ئاشنابێت بەکاری تۆ لەگەڵ سروشتدا دەژیت چۆن دەکرێت ئەوە ڕوون بکەیتەوە؟**

- سروشت دایکە، وڵاتە، ژیانە، مرۆڤایەتییە، ئەو بەشە من زۆر بە گرنگی دەبینم، تەنانەت لە ئەوروپاشدا شێوەکارەکان یەکەمین بینینیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سروشتدا بووە، دەتوانم بڵێم سروشت ئەو شوێنەیە کە مامۆستای منە، ژیانی پێ خۆشەویست کردم، وڵاتی پێ خۆشەویست کردم، ئەمە قۆناغێکە کە لەوانەیە لەدوای ماوەیەکی تر لە سروشت دووربکەومەوە و ڕووبکەمە بابەتی کۆمەڵایەتی، ئەمە قۆناغێکە و سروشتی ئێمە ئازاری زۆری چەشتووە، زۆر لەو ناوچانەی کە کانگای جوانی بوون فەوتاو سووتێنراو نەما، هەربۆیە بە هەلی دەزانم کە جارێکی دیکە وێنەی بکێشمەوە، وەکو ئەوەی کە بینیوومە و بیخەمە بەرچاوی میللەتە دڵسۆزەکەم.

**شێوازی کارکردنت لە سروشتدا هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ سروشتدا بوویت، یاخود بۆ چەند ساڵێکە لەگەڵیدا دەژیت؟**

– به سروشت دەستمکردووە بە وێنەکێشان لە کەرکوک و دیوانیە و لە سلێمانی زیاتر بەهۆی وەزیفەکەمەوە دەگەڕام وەکو سەرپەرشتیارێکی پەروەردە بەسەر هەموو ناوچەکانی لیوای سلێمانی و وەزیفەکەم خزمەتێکی زۆر باشی کردم لەو ماوەیەدا کە توانیم هەموو ناوچەیەکی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک بە گەرمیان و کوێستانەوە تۆماربکەم و تابلۆ بەچیرۆکی واقیعی بێنمەوە.

**لەکاتی کێشانی تابلۆکاندا لەسەر بیرەوەرییەکانت ئیشەکانت دەکەیت، یاخود تەنها سەرقاڵی بەو کارەی کە لەو ساتەدا دەیکەیت؟**

– هەموومان دەزانین هەموو ئینسانێک کۆمەڵێک بیرەوەرییە، ئەو کارانەی کە ئێوە دەیبینن کۆمەڵێک بیرەوەریشی لەگەڵدایە، کاتێک دەڵێین هونەر واتا هەڵگری کۆمەڵێک هەڵچوونە، نەک تووڕەبوون، بەدڵنیایی بینینی ئەو شوێنانە لەگەڵ کۆمەڵێک حاڵەتی دەروونیدا هەموو پێکەوە کاریگەری دەبێت لەسەر هونەرمەندەکە لە ساتی ئیشکردندا، وەکو سۆفییەک کە سۆفییەتی خۆی دەکات، کاتێکیش کە بەرهەمەکە دەبێت ئەوە خولیایەکی تایبەتی خۆی هەیە، یاخود بیروەرییەکی تایبەتی هەیە تێکەڵاوی دەکات، دەبینی کە من ئیش دەکەم و هەڵچوون زۆر دەکەم تەنانەت لە بەکارهێنانی فڵچە لەسەر کاغەز، یاخود قوماش بەدەردەکەوێت کە کێشەیەک هەیە کە لەوانەیە دەروونیی بێت.

**مامۆستا گیان تەمەندرێژ و هەر وەکو ئەو تابلۆ جوانانە بیت کە لەبەرچاوماندایە، بە دڵێکی تازە و بەدڵێکی پڕ بە بەرهەم و ئامانج و ژیانێکی گەورە.**

– میللەتەکەمان سەرکەوتوو بێت، ئێستاش ئەو بەشە ئازادییە گەورەیەی کە هاتۆتە وجود، هیوادارم کە هەرگیز قسور نەکەین بۆ هێنانەدی هونەرێکی کوردی ڕەسەن کە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش بکات.



ئازاد شەوقی
١٩٩٣

# تەلەفزیۆنی گوڵان بەرنامەی دیداری دووشەممە

**ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ئەرسەلان دەروێش**

**کامێرا: هەڤاڵ ئاکرەیی**

**دەرهێنانی: وەلید نانەکەلی**



**ئازاد شەوقی:** کوردستان نیشتمانە جوانەکەم، ئەمڕۆ ١٣هەمین پیشانگەی تایبەتی خۆمتان پێشکەش دەکەم کە پیشانگەی بەندە، ١٣هەمین پیشانگەی تایبەتی ئازاد مەحمود شەوقی لە شاری هەولێردا بەچاودێری بەڕێز براو هونەر دۆست کاک جەوهەر نامیق سالم کرایەوە، ئەم پیشانگەیەش وەکو هەموو پیشانگەکانی تر ئەزموونە، لەهەموو ئەزموونێکدا دەبێت و گرنگە گۆڕانکارییەک هەبێت، ئەم سروشتە سروشتێکی فراوان و بێ سنوورە، جوانییەکەی خۆی دەبەخشێتە بەر هەموو چاوێک، بەر هەموو دڵێک، بەر هەموو فیکرێک، لاموایە من وەکو قوتابیەک لەم ئەزموونەدا خۆم تاقیکردۆتەوە، تاقیکردنەوەش مافی هەموو مرۆڤێکە لەژیاندا هەرکەسێک لە بواری خۆیدا، من دەڵێم هەموو وەکو تاقیکردنەوەیەک ئەنجامەکەی دەبیستێت لە خەڵکی وڵاتەکەی، لە کۆمەڵگاکەی، بزانین تا چ ڕادەیەک پەسەندە، تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووە، یاخود دواکەوتووە، هەموو کارێکیش سەرکەوتنی موتڵەقی تێدا نییە، هەوڵدانی دەوێت، زۆر گرنگە هونەرمەند بەخۆشم دەڵێم گەر هونەرمەندبم و بێمە مەیدان دەبێت ڕاستگۆ بم، بە بڕوایەکی پتەو بێتە مەیدان، مەیدانی هونەریی و فیکریی، کاری ئینسانییەت کە هونەر بۆ ئینسانییەتە، بەندە لە ١٩٤٠وە بەبێ وچان و وەستان کاردەکەم لەبواری هونەری شێوەکارییدا، لەو بوارەدا قەرزارباری هەندێک لە مامۆستایانی بەڕێزم لە بەغداو پێش ئەوانیش هونەرمەندی نەمر مامۆستام بەدیع باباجان کە دراوسێم بوو لە کەرکوک دەگەڕێتەوە، ئەو پیشەوایەکی هونەری شێوەکارییە، سوودێکی زۆرم لەم زاتە گەورە نەمرە وەرگرتووە، لەم کەسایەتییە وەرگرتووە، توانیم لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە بەغدا خۆم بدۆزمەوە لەنێوان ژمارەیەک لە خوێندکارانی کورد و عەرەب، خولی ئێمە یەکەمین خولە لە عیراقدا، بەشی بەیانیان کۆمەڵێک لە ئازیزانی دەرچوانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دابەشبوون بەسەر هەموو لیواکانی هەموو عیراق، هەندێکیان لە بوارەکە دوورکەوتنەوە و کۆتاییان پێ هات، من زۆر شادمانم بەم هاتنەم، شادمانم بە یادی ٥ ساڵەی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، بەختەوەرم لەهەمان یاددا برای خۆشەویستم سەرۆکی پەرلەمان مامۆستای هونەر دۆست جەوهەر نامیق پیشانگەکەم دەکاتەوە.

**ئەرسەلان دەروێش:** ئازاد شەوقی چۆن کارە هونەرییەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێت؟

ئازاد شەوقی: سوپاس بۆ ئەو پرسیارە، لام وایە کاکە ئەرسەلان–ی خۆشەویست قەناعەت لە ئینساندا زۆر گرنگە، قەناعەت بە کارت، قەناعەت بە فیکرت، بە بۆچوونت، قەناعەت بە هەڵەکانت، قەناعەت بە ئێستاو داهاتوو، منیش وەکو هەموو کەسێک حەزدەکەم تا کارەکەم لە ماڵەوەیە، خۆم سەرپەرشتی بکەم، خۆم هەڵیسەنگێنم، کە قەناعەتم کرد بە بڕواوە کە دوو سێ شت هەیە ئەو قەناعەتەت دەوڵەمەندتر دەکات ئەوەیە کە ئەمین بیت، من لە ساڵی ١٩٤٢وەوە تائێستا ڕووبەڕوو

دەچم و لەگەڵ خاکەکەمدا دەدوێم، لەگەڵ هەموو بەردێک دەدوێم، لەگەڵ هەموو شنە و بایەکی جواندا دەدەوێم، ئەویش دەمدوێنێت وەکو عاشق و مەعشوقێک، وەکو دایکێک و کوڕێک، وەکو خوشکێک و برایەک، ئەو قەناعەتە دەوڵەمەندت دەکات، پاشان دێتە سەر دەرخستنی ئەو قەناعەتە کە تۆ بەرهەمەکان دەخەیتە بەرچاوی میللەت، لەوێ کۆتایی بە ئیشەکەت دێت، تا کارەکە لە ماڵەوە بێت کارەکە خۆت خاوەنیت، کە هاتە گۆڕەپانی گەلەری و هۆڵ و هەندێکجار لە هەوای پاکدا نمایش دەکرێت ئەو کاتە بینەر بڕیاردەرە، من دوو سێ شت هەیە بە جورئەتەوە دەیڵێم بەبێ تەحەفوز، ڕاستگۆم لەگەڵ خۆمدا هەربۆیە هیچ ترسێکم نییە کە دێمە گۆڕەپانی پیشاندانی تابلۆکانم، هەموو دڵم بڕوایە، هەموو دڵم متمانەیە، ئینجا داوای ئەوەش دەکەم کە گوێ بگرم لەهەموو ئینسانێک لە ئاستە جیاوازەکاندا، هەموو چاوێکی چالاک و چاوێکی سادە، ئەو کاتە من دەتوانم بپرسم ئەوان چی دەڵێن، چ بڕیارێک دەدەن، ئەگەر بڕیاریاندا من بەرەو باشی ڕۆیشتووم کە دەتوانم بڵێم خەڵاتێکە و وەکو مەدالیایەک بخەمە سنگمەوە، وەکو ئەو تابلۆیانە و بڵێم خەڵاتی ڕێزلێنانی میللەتەکەمم وەرگرتووە، لە هەڵسەنگاندنێک، لەبڕیارێک کە داومە کە ئەویش تابلۆکانمە، کە ڕەخنەی پاک هەبێت کە من هەڵەم هەبووە، بۆچوونم بەرەو سلبییەت ڕۆیشتووە و ئیجابییەتم کەمترە، ئەوە ئامادەم وەکو قوتابییەک لە ئەلف و بێوە دەستپێبکەمەوە.

**ئەرسەلان دەروێش:** یەکێک لەبینەرەکان لەو بڕوایەدان کە ئازاد شەوقی تووڕەیە، ئایا ئەو توڕەییە لە کێیە؟

**ئازاد شەوقی:** بەڕاستی من ئەو کچەم نەبینی کە وای وتووە، کارەکانی ناو پیشانگەکەم لەوانەیە پاشماوەی وەکو ئەو نەخۆشییەی کە سێ ساڵی خایاند و ڕاوەستام لە کاری هونەریی، لە تاقیکردنەوەکانی خۆم دوورکەوتمەوە، لەوانەیە بە ترسەوە هاتبن و دەموچاوم ئەو گەشاوەییەی تێدا نەبێت، چونکە من هەموو پیشانگەیەک کە دێم بۆی وەکو ئەوە وایە کە دەچم بۆ تاقیکردنەوەی قوتابخانە، ئامادەبوان دەوڵەمەندم دەکەن بە فیکریان و بە بۆچوونەکانیان، بەڵام بڕوات بێت کە چوومەتە سەر کار بە پێوە کارەکانم کردووە، هەرچەندە من زۆربەی تابلۆکانم بە دانیشتنەوە کێشاوە، زۆرم بەلاوە خۆشبوو کە ئەمجارە توانیم بە پێوە بووەستم و نیگاربکێشم، لەوانەیە ئەو تووڕەبوونەم لەکاتی نیگارکێشاندا نەبووبێت، کاتێک کە من دەچمە سەر ئەو پانتاییەی کە نیگاری خاک و سروشتی وڵاتەکەم بکێشم، چونکە بڕواناکەم هیچ کەسێک لەو ساتانەدا هەرگیز بەرەو تووڕەیی بڕوات، من نامەی خۆشەویستی دەنووسم، چۆن تووڕە دەبم.

# ئەزموونی ئازاد شەوقی



48cm x 68cm    Acrylic 1994




48cm x 68cm    Acrylic 1991




48cm x 68cm    Acrylic 1999




48cm x 68cm    Acrylic 1992



68cm x 48cm
Acrylic 1989



68cm x 48cm
Acrylic 1989




48cm x 68cm    Acrylic



48cm x 68cm    Acrylic 1989




48cm x 68cm    Acrylic 1998



48cm x 68cm    Acrylic 1996








48cm x 68cm    Acrylic 1999




48cm x 68cm    Acrylic 1999












48cm x 68cm  Acrylic 1999





48cm x 68cm    Acrylic 1998



















































68cm x 48cm
Acrylic 1985



















48cm x 68cm    Acrylic 1994




48cm x 68cm    Acrylic 1994








AZAD-SHOWQI
1989












































his interviews it is noticeable there is also a women that played an important role a Caliographer Roonak Jamil Saeb.

He was founder of Kurdish Institute of Fine Arts in Sulaymani, a major figure in the art scene in Kurdistan.

His focus was landscape, Kurdish landscape was his main subject matters,

his style is instantly recognizable by those who are familiar with his paintings.

Hawraman was his favorite he painted scenes of Biara and Tawela, he talks about beautiful trees, waterfalls, high picks and nicety of the people in Hawraman.

Azad was fascinated with early morning lights, he also loved village scene at dusk, shepherds with the live stock returning from grazing, he recalls sound of shemshal by shephereds (a Kurdish wind instrument) 'these were my source of inspiration' Azad says. Vivid colours are prominent in his work.

Other areas of Kurdistan that he mentions in his writings influenced his paintings were: Peshdar, Ranya, as well as Villages in Garmian such as Agjalar and Sangaw he used to visit these places often, some of his students were from these areas, his students & their families.

He comes from a family of painters his father Mahmood shawqi and his brothers were also visual artist. He talks about his family in details in one of his interviews, all of his brothers and sisters are in arts, some are accomplished artists as well as playing a part in teaching arts, he comes from a big family of artists.

He was an Art teacher most of his life, he also lectured arts in Saudi Arabia in 1969 for period of 2 years.

Later in his life Azad went to Paris spent 8 to 9 days 'I did not see The Louvre' he said, I did not become Haji hunar (a term referred to when Muslim people visit Mecca called Haji, hunar means art in Kurdish) in here he was demonstrating the importance of artist visiting major art museums in the world. ( He believed Louver was a Mecca for Artists, it's a must for every artist to visit).

He was extremely active in setting up various different art organization, some believe he was back bone of art movements in Kurdistan.

He was running children education department within education system for 13 years, a very influential figure in development of children education in Kurdistan and Sulaymani in particular.

Azad was also a very good makeup artist for theatre among many talents that he had.

In summary Azad was enjoying working with people, he was source of inspiration for other artist, he had an incredible energy to set up new arts activity, Azad was first to set up a museum in Sulaymani for Kurdish artifacts and costumes.

His work were shown in Germany, Baghdad, Beirut, Ryadh, Arbil and Sulaymani.

Artists , writers, poets & teachers in Kurdistan remember Azad as an energetic, active and determined with range of talents in theatre as well as an accomplished painter/fine artists.

# Azad Mahmood Abdulqader Shawqi

## 1929 - 2002

Azad Shawqi was a well known Kurdish artist, studied art in Baghdad , his childhood was spent in Kerkuk, Arbil and Diwania he was an influential figure in development of arts in Iraq and in particular in Kurdistan.

His first teacher in Kerkuk was late Rafiq Aali had an important role to play when he was young. He was fascinated with old buildings in Kerkuk castle, churches, mosques and other old buildings around him in the city.

He moved to Diwania in 1943 for period of 3 years due his father's work relocation.

In this city with help of his teachers and accessing the city Library, he was exposed to number of great writers suggested by his teachers, he was very much guided and encouraged by his peers to the arts. It was here for the first time he started to play a part in theatre, his first play was in English language in Diwania.

In 1946 he moved back to Kerkuk another work relocation by his father.

During this period he was introduced to number of well know artist in Kerkuk at the time, such as Mahmood al-Obidy, Dr. Sanan Saeed and Sediq Ahmad.

He finished his art education in 1953 and was accepted in Baghdad Institute of Arts.

Some influential figures in Azad's artistic development were from kerkuk such as

Artists Dr.Sanan Saeed and Mahmood Al-Obidy as well as Novelist Abdul Samad Khanaqa, critics Abdul Aziz Khanaqa, poet Hadi Mardan and writer translator Ibrahim Mohamad Ali.

When he started in Baghdad to study art, there were only 3 departments, painting, sculpture and music, he played a part in development of arts in Baghdad.

His teachers in Baghdad were Faeq Hassan, Ismaeil Alsheikhi, Aga Sabri and Faraj Abu. Azad Shawqi remembers these teachers with fund memories and had a special respect for them all.

He was soon became close to number of other students that were studying at the same institute, one of the most important one was the late Haqi Al-Shbli that had palyed an important role in Azad's artistic development.

Azad became an art teacher in 211955/11/ in Sulaymani among many of his students Azad talked about Qader Mohamad Saeed, Rauoof Ali Saeed, Gah Khalil, Aziz Morad and Faeq Ali Rasheed all of them active in the art scene in Kurdistan.

He was founder of Childreen theatre in Iraq, Azad was also founder of an art centre in Sulaymani, this art centre was established on 211958/3/ Azad was instrumental in setting up the art centre number of intellectuals and officials in town were helpful and supported Azad Shawqi to set up this new arts centre. He was running the centre for number of years, the only other one that existed were in Baghdad at the time. Azad was a pioneer in arts development in Kurdistan.

Azad remembers 1950's well among many well know artists at the time that he mentions in

# AZAD SHAWQY

AZAD SHAWQY



Baktyar Saeed